ئەم ژمارەیە تایبەتە بە نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی کوردستان

# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ژمارە(19) تایبەت 25/12/2017

مانگی دووجار، لە (1)و(15)ی هەموو مانگێکدا دەرئەچێت

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## دەبێ دەست بەجێ و بێ قەیدو شەرت رفێنراو، دەستبەسەرکراو و زیندانیکراوەکانی خۆپێشاندانەکان ئازاد بکرێن!

# دەسەڵاتی خوێن مژ و خوێن رێژ... پێویستە بە هێزی شۆرشگێری جەماوەری رێکخراو رابماڵرێت!

**کوشتنی سێ کەس، بریندارکردنی دەیان کەس، رفاندن و دەستبەسەرکردن و زیندانی کردنی سەدان کەس، داخستنی کەناڵی میدیایی و هەرەشەی بەردەوام لە رۆژنامەنووسان و هەڵسوراوانی سیاسی، وەڵامی دەسەڵاتی تاڵانچی و میلیشیایی بزوتنەوەی کوردایەتییە بە خۆپێشاندان و داوا خواستە رەواکانی خەڵکی کوردستان...**



## ووتەی ژمارە

نزیکەی ٢٧ ساڵە بزوتنەوەی کوردایەتی پاوانی دەسەڵاتی سیاسی کۆمەڵگەی کوردستانی کردووە، لە ماوەی ئەو ٢٧ ساڵەدا، هەموو داهاتی ژێر زەوی و سەرزەویان قۆرغ کردووە، جگە لەوە بەشێکی زۆر لە داهات و سامانی سروشتی نەوەکانی داهاتووشیان وەکو نەوت و غاز پیش فرۆش و هەرزانفرۆش کردووە... لەبەرامبەریشدا سەخترین هەلومەرجی ژیانیان داسەپاندۆتە سەر چینی کرێکارو زوربەی زۆری کۆمەڵگە... بێکاری و گرانی، هەژاری و برسێتی، و بێمافی و سەرکوت، تا هاتووە برستی لە جەماوەری فراوانی خەڵکی بریووە. سەرەتاییترین خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان هێشتا خەونی وەدی نەهاتوو وە سادەی جەماوەرین. هێشتا ئاو و کارەبا، سوتەمەنی، خزمەتگوزاری تەندروستی، لە ئاستی نەبوونیدان، تەنانەت ئاسایش و ئارامیان، لەکۆمەڵگە هەڵگرتوەو بە گرتنە بەری سیاسەتی خۆبەستنەوە و خۆشخزمەتی بۆ ئەمریکاو غەرب و وڵاتانی کۆنەپەرست و چنگ خوێناوی ناوچەکە، ئایندەی سیاسی کوردستانیان روبەرووی مەترسی کردۆتەوە و چەندین دەهە کۆمەڵگەیان بەرەو پاش گەراندۆتەوە... دوای دەیەو نیوێک لە پوچی فیدرالیزمی قەومی و بەشداربوون لە دەسەڵاتی کۆنەپەرستانەی بەغدادا، سەرئەنجام ئەو فیدرالیزمەش بەدوای جەنگی داعشدا، بە تیئۆریزەکردن و بە بیانووکردنی ریفراندۆم، و بەهێرشی سەربازی و بە ریکەوتنی نهینی باڵێکی بنەماڵەیی نان خۆری قاسمی سلیمانی و ئیران و چولکردنی بی پاساوی چەندین شارو شارۆچکەی تر، بەشێکی فراوانی کوردستانیان رادەستی هیزەکانی حەشدی شیعی و داعشی شیعە کردەوە. کێشەی سیاسی خەڵکی کوردستانیان بۆ چەندین دەهە هێنایە داوەو بەنادیاریان سپارد.

لەو ماوەی دەسەڵاتدارێتی بزوتنەوەی کوردایەتیدا، بە دەسەڵات و ئۆپۆزیسۆنی لە قوماشی خۆی، تاڵانی و دزی ئاشکرای بێوێنە، تا دەگاتە برینی موچەی کرێکاران و کارمەندان، لەژێر ناوی پاشەکەوتی موچەدا، وە بیمافی هەمەلایەنەو سەرکوت..ی ئازادی و مافە فەردی و مەدەنیەکان... بەردەوامی پێدراوە. ئەم دۆخە بەمانای وشە مژینی شیلەو خوێنی هاوڵاتیانی کوردستان بووە لە چارەکە سەدەی رابردوودا، هەر کاتێکیش خەڵکی بە ناچاری و بۆ بەرگری لەخۆیان لەبەرامبەر هیرشی بەردەوام و هەمیشەیی دەسەڵاتی تاڵانچی و خوێن مژیدا دەستیان داوەتە دەربرینی نارەزایەتی و مانگرتن و خۆپیشاندانیان وەرێخستووە، ئەو جارە لە خوێن مژینەوە دەستیان بردووە بۆ خوێن رێژی، خۆپیشاندەران و نارازیان. ٣ کوژراو سەدان بریندار، نزیکەی دوو کەس رفێنراو دەستگیر کراو زیندنی کراو، داخستنی چەندین کەناڵی میدیای و هەرەشەی بەردەوام لە هەڵسوراوانی سیاسی نەیاری دەسەڵات و رۆژنامەنووسان، بە سەربازگە کردنی شارو شارۆچکەکان... لە ماوەی تەنها چەند رۆژی خۆپیێشانەکانی ئەو دوایە...بەڵگەیەکی ئاشکرایە کە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، پایە سەرەکیەکەی لەسەر خوێن مژی و خوێن رێژی، دامەزراوە.

ئەو دەسەڵاتە تاڵانچی و خوێن مژ و خوێن رێژە... لەبەرامبەر بەهێرشی دەرەکی و حەشدی شەعبی رادەکەن، یان دەست دەخەنە ناو دەستیان و پەلکێشێ کوردستانیان دەکەن، کەچی لەبەرامبەر ویستی رەوای هاوڵاتیان و بێبەشانی کۆمەڵگەدا، کە داوای مافە سەرەتایەکانیان دەکەن....

بۆ لاپەرە ٢

دیمانەیەکی تایبەتی سەبارەت بە نارەزایەتی و خۆپیشاندانی جەماوەری لە شاری رانیەو ناوچەکە...ل3

موخەریبەکانی زەمانی بەعس و ئاژاوەگێرەکانی زەمانی حکومەتی کوردی هەرێمی کوردوستان...ل4

کشانەوەی ئۆپۆرتۆنیستانە و فریوکارانەی گۆران و کۆمەڵ لە حکومەت...ل5

سێ تایبەتمەندی و کاتەگۆری چەپ بوون...ل6

بڕوخێ سیستەمی شەق وەشێن ومافیاودزەکان...ل7

بۆ نارەزایەتیەکان بە سەرکەوتن ناگات؟........ل8

# پەیامی نەوزاد بابان هەڵسوڕاوی ڕێکخراوی "ناوەندی خەباتی کرێکاری و جەماوەری لە کوردستان

پەیام بۆ هاوڵاتیانی کوردستان و ڕابردوودا بە ڕیزی دەیان شارۆچکەکانی کوردستاندا، بۆ هاتینەمەیدان بۆ خۆپێشاندان و گەندەڵ و سەرکوتگەر کە نەک هەر پشتگوێ خستوە بەڵکو دەستیشی کارمەند و کرێکارانیش نادات. هەبوایە دەبوایە دەستیان لەکار هاتنەبەردەم دادگا بۆ لێپرسینەوە کە و ماڵوێرانیەیان بەسەر خەڵکدا کەوتوونەتە سەرکوتی ناڕەزایەتی و سورکردەوە بە خوێنی خەڵکی بریندارکردنی دەیان هاوڵاتی چوار لە شاری ڕانیە. ئێمە لە کاتێکدا دۆست و ئاشنایانی قوربانیانی خوێناویە، پەیمانیش تازە دەکەینەوە بەهەدەر بڕوات. لە ئێستادا دەسەڵات کردوە و دەستی کردوە بە گرتن و ناڕەزایەتیەکان و خۆپێشاندەران،



خۆپێشاندەرانی خۆراگر لەدوو ڕۆژی هەزارکەسیمانەوە لە زوربەی شار و داواکاری و خواستە ڕەواکانمان ناڕەزایەتی دەربڕین دژی دەسەڵاتێکی خزمەتگوزاریە سەرەکیەکانی ژیانی خستۆتە بینەقاقای خەڵک و موچەی دەسەڵاتێک ئەگەر پرێنسیپی سیاسیان بکێشایەتەوە و ئامادەییان دەربڕیبا بۆ بەچ حەقێک ئەو هەموو تراژیدیا و برسیەتی هێناوە، بەڵام لەجیاتی ئەوە بە ئاگر و ئاسن خۆپێشاندانەکان و دەستی خۆیان نارازای و خۆپێشاندەر کە وێڕای هاوڵاتیانیشیان شەلاڵی خوێن کردوە لە هاوبەشین لە خەم و پەژارەی خانەوادە و دەستی ئەم دەسەڵاتە سەرکوتگەر و کە خوێنی بەناحەق ڕژاویان ناهێڵین بارودۆخی شار و شارۆچکەکانی میلیتاریزە ڕاوەدوونانی هەڵسوڕاوانی بزوتنەوە بەڵام تاکەی دەتوانن درێژە بەم بارودۆخە بدەن؟ لە کاتێکدا لە هەموو بوارەکاندا فەشەلیان هێناوە و ئەو توانایەی کە تا ئێستا هەیان بوو بە چەند مانگێک ملیان دەدا بە نیوەموچە و چارەکە موچە ئەویش لە ژێر فشار و ناڕەزایەتیەکانی خەڵکدا، ئەوا ئێستا دوای دۆڕاوی شەرمەزارانە و ئاشبەتاڵیان لە 16 ی ئۆکتۆبەرەوە ئەو تواناییانەشیان لەدەستچووە و هیچ ئاسۆیەک لەئارادانەماوە کە بتوانن هەتا درێژەش بەم نیوەموچەی چەند مانگ جارێکیشە بدەن! باس لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی و پێکهێنانی حکومەتی ڕزگاری نیشتمانی یا حکومەتێکی کاتی دەکرێت بۆ دەرچون لەم دۆخە قەیراناویە، بەڵام ئەوەش جارێکی تر درێژەدانە بەم دەسەڵاتە، چ زەمانەت و گرێنتیەک هەیە کە هەڵبژاردنێک لە ژێر سایەی ئەم دەسەڵاتە میلیشیایەدا بکرێت و جارێکی تر بە تەڵەکەبازی لە سندوقی دەنگدانەوەکانەوە شەرعیەت وەرنەگرنەوە؟ کێ دەتوانێ زەمانەتی ئەوە بکات کە لە پێکهێنانی حکومەتی ڕزگاری نیشتمانیدا دوو حزبی خاوەن میلیشیای دەسەڵاتدار بخاتە دەرەوەی ئەو حکومەتە بەناو ڕزگاری نیشتمانی و کاتیە؟ کرێکاران، زەحمەتکێشان و هاوڵاتیانی کوردستان، ئەم دەسەڵاتە هیچ بژاردەیەکی بۆ ئێمەی کرێکار و کارمەند و خەڵکی زەحمەتکێشی نەهێشتۆتەوە جگە لە هاتنەمەیدان بۆ ڕاماڵینی. ئەم خۆپێشاندان و ناڕەزایەتیانە دەبێ درێژەی هەبێت تا کۆتایی هاتنی یەکجاری بەدەسەڵاتی نەگریسیان، بەڵام مەرجی سەرەکی خۆڕێکخراو بوون و پێکهێنانی ناوەندەکانی خەباتە لە شار و شارۆچکەکان و بەرپاکردنی کۆبونەوەی گشتی و هێنانەدی ئۆرگانەکانی ئیرادەی خۆمانە لە شۆراکاندا. تا کۆمەڵێکی تر جارێکی تر بەناوی حکومەتی کاتی و حکومەتی ڕزگاری نیشتمانی و هەڵبژاردنی پەرلەمانیەوە هەمان سیستمی دەسەڵاتدارەتی بەسەر سەمانەوە درێژە پێنەدەن. ئەم دەسەڵاتە پاکێجێکە دەبێ بەخۆی و بە سیستمی پەرلەمانی و بە بازاڕی ئازادیەوە هەڵپێچرێت! نەگ و شەرمەزاری، مەرگ و نەمان بۆ دەسەڵاتی خوێنڕێژ سەرکەوێ خەبات و تێکۆشانی ڕەوای خەڵکی کوردستان...

**نەوزاد بابان هەڵسوڕاوی ڕێکخراوی "ناوەندی خەباتی کرێکاری و جەماوەری لە کوردستان" 20-12-2017**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.
* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.
* بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. ڕاسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.
* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی ڕاگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.
* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

**داخستنی کەناڵەکانی ئێن ئارتی و دەستبەسەراداگرتن و زیندانی کردن و هەرەشە کردن لە ڕۆژنامەنووسان، پێشیلکردنی ئاشکرای ئازادی و کاری ڕۆژنامەگەرییە، ڕەفتارێکی سەراپا بەعسیانەو دژی ئازادییە، پێویستە ئازادیخوازان و ئینسان دۆستان، لەدژی ئەم ڕەفتارە دژی ئازادیانە، بێنە مەیدان و ڕۆڵی بەرجەستە و بەکردەوە بگێڕن...**

## درێژەی وتەی ژمارە...

دەستناپارێزن و دەجەنگن.

دەسەڵاتێکی لەو جۆرە کە پشتی بە میلیشیای چەکدار و پارەی دزراوی خەڵکی کوردستان بەستووە، دەمێکە تەمەنی بەسەر چووە، زیاد لە قەبارەی خۆی خوێن مژی و خوێن ڕێژی کردووە، بۆیە دەبێ بڕوات. خۆپیشاندانەکانی شارو شارۆچکەکانی ئەم دواییە، سەرەتای دەورەیەکی نوێ و ڕاسانێکی نوێیە بەمەبەستی کۆتاییهێنان بەو دەسەڵاتە. بۆ خەڵکی کوردستان ئەو ڕاستیە جێکەوتووە، کە ئەم دەسەڵاتە چاکسازی هەڵناگرێت، بۆیە ئاستی خواستەکانی بردۆتە ئاستی ڕاماڵینی ئەو دەسەڵاتەو سپاردنی بە مێژووی دیکتاتۆرەکانی تر...

خستنی ئەم دەسەڵاتە، پێویستی بە ئامادەکاری و ڕیکخراوبوونە. لەوانەش پێویستە ئەو خۆپیشاندانانە بەردەوامیان پێبدرێت و کۆمەڵگە داگر بێت... بۆ ئەو مەبەستە وا دەخوازێت ناوەندە کرێکاریی و خەدەمیەکان، دەست بدەنە مانگرتن لە شوێنی کاریان. وە جەماوەری کوردستان مانگرتنی سەراسەری ڕابگەیەنن. پێویستە کۆمەڵگە لە جوڵە بخرێت و ناوەندەکانی بەرهەمهێنان و شادەماری ئابوری و هێزی بۆرژوازی کورد، وەکو کێڵگە نەوتیەکان، ڕابگیرێن و بە خۆپیشاندانی جەماوەری شارەکانەوە پەیوەست بن. پێویستە ڕێکخراوەی جەماوەری و سەربەخۆ لەدڵی ناڕەزایەتیەکاندا پیک بێن و ببنە داینەمۆ و ڕابەری مانگرتن و خۆپیشاندانەکان بکەن. پێویستە دەستەکانی ڕابەری خۆپیشاندان و مانگرتن و بایکۆتەکان لە ئاستی کارگەو کارخانەو ناوەندە خەدەمیەکان و لە شوێنی ژیاندا لەهەر شارو شارۆچکەیەک پێک بێن و هاوئاهەنگی ئامانجدارانە لەگەڵ دەستەی شارو شارۆچکەکانی تر دروست بکەن و سەرئەنجام دەستە و ناوەندی سەراسەری بۆ مانگرتن و ڕاپەرین و شۆڕشی بێبەشان پێک بێت و لە بەردەوامی خەباتدا هاوسەنگی هیز ڕۆژ بەرۆژ بە قازانجی خۆی بگۆڕێت و لە کاتی پێویستی خۆیدا، دوا بڕیاو دوا ڕاسان و شۆڕش چەغماغە بدات. شۆڕشێک کە شۆڕشی بێبەشان بێت، بۆ دنیایەکی باشتر، شۆڕشێک زەمانەتی نان و ئازادی و سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەسەڵاتی جەماوەری بکات، بەسەر کۆمەڵگەدا. شۆڕشێک کە داهاتی دزروای ٢٧ ساڵە بگێڕێتەوە بۆ داهاتی گشتی و شکۆی ئینسانی بکاتەوە بە ناسنامەی تاکەکانی. تۆمەتباران و تاوانبارانی ٢٧ ساڵە ڕابکێشیتە بەردەم دادگای یاسایی و عادلانەی جەماوەری. کاتی دەستبردن بۆ ئامادەکاری شۆڕش و ڕاپەرینی سەراسەری، هاتووە، چیتر ناتوانرێت ئەو هەموو زوڵم و بێبەشی و نابەرابەری و سەرکوتە قبوڵ بکرێت. دەسەڵات جگە لە خوێن مژی و ئەگەریش لەبەرامبەریدا ئامادەیی پێویستت نەبێت بۆ ڕاماڵینی، جگە لە خوێن ڕێژی هیچی تری لێ چاوەڕوان ناکرێت. دەبێ هەموو ئامرازەکانی شۆڕش لەوانەش هێزی چەکداری ڕێکخراو و خۆبەخشانەی جەماوەری ئامادەکراو ببێتە بر برە پشتی مانگرتن و خۆپیشاندان و شۆڕشی کۆمەڵایەتی بێبەشانی کۆمەڵگە. ئەم دەسەڵاتە بەخۆشی خۆیی و بە تەنها بە خەباتی مەدەنی و جەماوەری دەسەڵات جێناهێڵێت. کاتی ئەوە هاتووە لە جەرگەی خەبات و خۆپیشاندانەکانی ئێستادا، ئامادەکاری پێویست و هەمەلایەنە بۆ لە گۆڕنانی ئەو دەسەڵاتە تالانچی و میلیشیاییە بکرێت.

# دیمانە لەگەڵ عومەر چاوشین ڕۆژنامەنووس و چالاکوانی مەدەنی، سەبارەت بە نارەزایەتی و خۆپیشاندانی جەماوەری لە شاری رانیەو ناوچەکە...

**بۆپیشەوە: لە ئێستادا دۆخی شاری رانیە چۆنە؟ مەبەستم ئەوەیە دوای ئەوە هێزە چەکادرەکانی دەسەلات زۆر نائینسانیانە ژمارەیەک هاوڵاتیان کوشت و بەدەیانیشیان بریندار کرد؟**

**عومەر چاوشێن:** خەڵکی کوردستان سێ ساڵ زیاترە ژیانیان بەرەو ئاقارێکی خراپ و نالەبارترو ناخۆشتر دەڕوات، بێئەوەی گوێیان لێبگیرێت بەهەزاران جار بەشێوەی هێمنانەو مەدەنیانە خەڵک هاتۆتە سەرشەقامەکان و داوای خۆیان گەیاندۆتە دەست دەسەڵاتی بێ گوێ، ئەو نابەرابەریەی دەسەڵات کە پیادەی دەکرد وای لەخەڵکی کوردستان کردوە لە سەرەتادا نارەزایەتیەکان لە ناحیەی پیرەمەگرون لەپارێزگای سلێمانی سەر هەڵبدا، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی نارەزایەتیەکانی دوایی لەکوردستان سەرەتای جوڵانەوەکان لە17/12 هێزی دەمامکدارو چەک بەدەستەکانی دەسەڵات و حکومەتی دینی وناسۆنالیستی کوردی هەستان بەتەقەکردن لەخەڵکی نارازی و ئەشکەنجەدانیان بۆیە خەڵک زیاتر لەدەسەڵات تورە بوو، هەر ئەو تورەبونە وای کرد زۆرشوێنی گشتی بسوتێت، دەتوانین بڵێین دەستبردنی خەڵکی نارازی بۆ سوتاندن، کاردانەوە بوو ەبەرامبەر بەکارە نارەواکانی چەک بەدەست و هێزەئەمنیەکان.

لەرانیە هاوکات لەگەڵ چالاکی مەدەنی شاروشارۆچکەکانی تری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجەو ئیدارەکانی گەرمیان خەڵکی ئازاو تینوی ئازادی خەڵکی راپەڕین هاتنە سەرشەقامەکان و نارەزایەتیان دەربڕی و چەند فەرمانگەیەک بایکۆتی دەوامی حکومیان کرد، لەوانە پەروەردەی رانیەو پۆلیسی هاتوچۆی راپەڕین، بەڵام لە19/12/2017 خەڵکی رانیەو دەوروبەری لەدوانیوەڕۆ ڕژانە سەرشەقام و ناو بازار بەگوتنەوەی هوتافی (گۆڕینی دەسەڵات ئامانجمانە، پارە دزراوەکان بگێڕنەوە بۆ خەڵک، خاوەنی پارە دزراوەکان ئێمەیین نەک ئێوە، ئەو حکومەتە توانای بەڕێوەبردنی نەماوە دەبێت بروخێت) چەندان وتەی مانادار کە دەلالەت بوو لە نائومێدی خەڵک بەو دەسەڵاتە و داوا دەکرا دەبێت خەڵک خۆی دەسەڵاتەکان بگرێتە دەست.

لەئێستادا نەوەک رانیە بەڵکو هەموو ئەو شوێنانەی چالاکی مەدەنی و جوڵانەوەی خەڵکی ئازادیخوازی تێدایەو دەسەڵاتیان بەسێ رۆژ تێدا دەربەدەرکردووە، هەم ژیانی خەڵک و هەمیش ژیانی خۆپیشاندەران لەمەترسی دایە، چونکە هێزێکی زۆر لە پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگەو دەمامکدارو شتی جۆراوجۆری تێدا خزاوەو هاتون بەرگری لەدەسەڵات و بەرپرسان بکەن، لەکاتێکدا هەرچی بارەگاو مقەڕاتی حزبی تێدانەماوەو سوتێندراون یان بەردبارانکراون و پێیان چۆڵکراوە، ئەوەش دەلالەتە لەوەی کە خەڵک چیتر بەو دەسەڵات و حزبی و حکومەتە ڕازی نیەو بەهەموو شێوەیەک بێبەرین و تورەن لێیان.

خەڵک لەدڵەڕاوکێ و لەژیانێکی ناخۆشدا دەژین، چونکە بەشەوانە خەڵک لەماڵەکانیان ڕاپێچ دەکرێن و لەئاسایش و پۆلیس دەستبەسەرکراون. وەک لەسەرچاوە نافەرمیەکان باس دەکرێت نزیک بە250کەس لەکوردستان یانی لە ژینگەی چالاکیدا دەستگیرکراون و دەستبەسەرن و هەندێک خەڵکی تر فەرمانی گرتنی هەیەو خۆیان شاردۆتەوە لەترسی گرتن و ڕاپێچکردنیان.

هەرلەسەرەتای چالاکیەکانی خەڵکی کوردستان نزیک بە 150کەس کەس لەکۆیەو رانیەو قەڵادزەو حاجیاواو سیدسادق و سلێمانی و چەمچەماڵ بریندارابوون و لەسەرەتای خۆپیشاندانەکان 2 گەنجی ڕانیە بەناوەکانی (بەشیر ئیسماعیل ڤاهیرو محەمەد تەها بێتواتەیی) گەنجێکی تر لەکۆیە کە بەبرینداری سێ ڕۆژ لەنەخۆشخانە مایەوە، بەڵام بەداخەوە لەبەر سەختی برینەکەی گیانی لەدەستدا بەناوی (هێرش) بەگوللەی هێزە چەک بەدەستەکانی دەسەڵات. لەگەڵ دەستپێکردنی چالاکی مەدەنی و نارەزایەتیەکان هەرچی بارەگای حزبەکان هەر لە (یەکێتی نیشتیمانی و پارتی دیموکرات و حزبی سۆسیالیست دیموکرات و یەکگرتوی ئیسلامی سوتێندران بەڵام لەلایەن خۆپیشاندەران بارەگاکانی کۆمەڵی ئیسلامی و بزتنەوەی گۆڕان بەردبارانکران و بارەگاکانیان پێ چۆڵکران و بەپەلە هەوادارەکانیان خۆیان لەدەستی خۆپیشاندەران رزگارکرد) ئامارەکان پێمان دەڵێن( 10)بارەگای حزبی کە لەڕابردوودا خەڵکیان بەو ژیانە ناخۆشە گەیاندوە سوتێندراون، بەڵام لەسنوری ڕاپەڕین هیچ شوێنێکی گشتی دەستی لێنەدراوەو هەڵوێستی خەڵک یەکلابۆتەوە تەنیا ڕقی چەندساڵەیان لەبەرامبەر بەحزبەکان کۆکردۆتەوەو هەڵیان ڕشت و دەربەدەریان کردن، بەڵام تاکە بەرپرس کە ناوی دەبرێ و تۆمەتبارە بە تەقەکردن و بریندارکردنی خەڵکی ناڕازی لەرانیەدا فەرماندەی یەکێتی (عەبدوڵابۆر) ەو هێزێکی زۆری پێشمەرگەی لەدەوری خۆی کۆکردۆتەوەو بەقسەی خەڵکبێت شەڕی پێ لەگەڵ خەڵکدا دەکات و ناچاری کردون تەقەلەخەڵک بکەن. لەئێستادا خەڵکی خۆپیشاندەر داوا دەکەن ئەو فەرماندەیەی یەکێتی ماڵەکەی چۆڵبکات و لەڕانیە بڕوات، بەڵام هەم یەکێتی و هەمیش حکومەت ڕازی نین ئەو فەرماندەیە ڕابکات و چەندان گەنجی ئەوانیان کردە قوربانی ماڵی ئەو بەرپرسەی یەکێتی و بەدەیان زرێپۆش و هامەری لەدەوری ماڵەکەی مۆڵکردووەو ئامادەی تەقەکردنە لەخەڵک.




**بۆپێشەوە: خۆپیشاندان و نارەزایەتی بەردەوامی هەیە، دەمەوێت بپرسم تا چەند ئەو خۆپیشاندان و نارەزایەتیانە رێکخراون؟ تا چەند داواوخواستەکانیان رۆشنن؟**

**عومەر چاوشێن:** ئەمڕۆ بۆ ڕۆژی شەشەم نارەزایەتیەکان بەردەوامیان هەیەو تا دێت دەسەڵات و حزبی حاکم بەرگری لەخۆی دەکات هەرچەند بارەگایان نەماوە، بەڵام هێزی چەکداری زیاتر لە بەرامبەری خەڵک کۆدەکاتەوە، خەڵکی بەئیرادەی سنورەکە تا دێت ئازایانەتر ڕووبەڕوی دەسەڵات و بەرپرسان دەبنەوەو هەرچی ترس هەیە لەتەقەکەرو چەک بەدەستەکانیان نییە، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە حزب و هێزی ئۆپۆزسیۆن نیە وەک هەر نەبووە، ئەوەی کەپێشووتر باسی ئۆپۆزیسۆن بوونی خۆی دەکرد تەنیا فێڵ بوو لەخەڵکی دەکرا تا دەگەن بەسات و سەودای لەزەتی دەسەڵات وداهاتی خەڵک و ناو حکومەتە دواکەوتوەکەی کوردی، دوای ئەوە بوون بەشەریکە دز، وەزیریان هەیە، پارێزگارو جیێنشینی قەزایان هەیەو بەڕێوەبەری گشتیان هەیەو جێگرو سەرۆکی پەرلەمان و... هەبوو. نەوت و خاک و هێزو داروبەردیان لەبەردەست بوو دەیانگوت ئێمە ئیلهام بەخشین، بەڵام هێندەی نەبرد خەڵک باشی ناسین و دەربەدەریانکردن، لەئێستادا هیچ پەرۆشی ژیانی خەڵکیان نییە ئەو شینەی کە دەیکەن بۆ ئەو پارچە بەزەیە کە لەدەمیان دەردەچێت و بەشیان نامێنێت.

هیچ حزب و وڵاتێک و کەس و گروپی و فریادڕەسێک نیە فریای خەڵک بکەوێت هەر بەختێک لەبەشی ئەو خەڵکەدا نەماوە تەنیا دەبێت بۆخۆیان خۆیان رزگاربکەن، هەرکات ڕێگەبدەن ئەو دەسەڵاتە خۆی دابکوتێتە لەو شوێنانەی کە دەربەدەربوون جارێکی تر تۆڵەی خراپتر لەو خەڵکە ماندووە دەکرێتەوە، بۆیە نابێت خەڵک ڕێگەبدەن ئەوانە جارێکیتر حوکمداری بکەن چونکە لەڕابردوودا خەڵکیان زۆرماندوو کردوە.

**بۆپێشەوە: خاڵە لاوازەکانی خۆپیشاندانەکان چین؟ هاوئاهەنگی رابەران و هەڵسوراوانی رانیە، لەگەڵ هی شارەکانی تردا چۆنە؟**

**عومەر چاوشین:** بەداخەوە خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکان ڕێکخراو نین و پەرتەوازەیان پێوەدیارە، بۆیە زۆرترین زەرەرمەندی گیانی تێدا خولقاوە بەدەستی پیاوانی حکومەت و میلیشیاکان، دەبوایە بەرنامە ڕێژی بۆڕاپەڕین و نارەزایەتیەکان بکرابایە، چونکە هەر چالاکیەک بۆدەربازبوونە لەنەهامەتی و نەداری، بەڵام کێشە دروست بوو بەهۆی نەبوونی پلانی چالاکیەکە و خوێن زۆر ڕژاوە. کێشەکان گەورەتربوون یان ئامانجەکە بەتەوای نەپێکرا وەک ئێستا دەبیندرێت کارەسات دروست دەبێت، بۆیە کاری هەرە لەپێشی خەڵکی نارازی و خۆپیشاندەران دیاریکردنی ئامانج و خۆڕێکخستنەوەو دیاریکردنی نوینەری ڕاستەقینەی خۆیان لەگەڕەکەکانە و دەبێ کاری لەپێشینەی بۆبکەن بۆئەوەی ماندوبوونیان بەهەدەر نەڕوات، چونکە دەسەڵات فێڵبازەو بەئەزمونترە لەخەڵک بۆئەوەی بکەوێتەوە سەر قاچەشکاوەکانی خۆی. دەبێت لەشارو شارۆچکەکان نوێنەر هەبێت خەڵک نوێنەری خۆی دیاری بکات بۆبەڕێوەبردنی داهاتوویان. ئەو شوێنانەی حزبەکان چۆڵیان کردوە بکرێن بەشوێنی گشتی و لەدەست حزب بێنە دەرو بکەونە خزمەتی خەڵک، چونکە خەڵک پێویستی بەو شوێنانەیەکە لەدەست حزبەکان دەرهێندراونەتەوەو پێشوتر موڵکی گشتی بوون، کاتی خۆی بەمیرات بۆهیچ حزبێک و باوکی کەس بەجێنەماون، ئەو حزبانە تا ئەمرۆ بە نایاسایی دەستیان بەسەرداگرتبوون.

وە پێشنیاردەکەم خەڵکی کوردستان کۆڵنەدەن و ئەوانەی لەدەرەوەی کوردستان دەژین نامە بنووسن بۆپەرلەمانی وڵاتان تا پێشێلکاری و خوێنرشتن و کوشتنی خەڵک بۆ وڵاتان ڕونبکرێتەوەو نوێنەری حکومەتی هەرێم ناچاربکرێت وڵاتان بەجێبێڵن، چونکە بەفەرمانی حوکمداران و ئاغاکانیان خوێنی خەڵک ڕژاوە، وە حکومەت و پەرلەمانی وڵاتان ناچار بکرێن بەمیکانیزمێک پێناس و شوناسنامەیان لێ وەربگیرێتەوە، چونکە لەوڵاتی خۆیان ئەوانە خوێنڕێژن و لەداهاتوودا دەبن بەمەترسی لەسەر ژیانی هەموو کەس لەوڵاتان و دەبێت وڵاتان لەوە بەرچاو ڕوونبن کە ئەوانە حوکمداریان بۆناکرێت بەیەکسانی و بەس خەریکی خۆ دەوڵەمەند کردنن لەسەرحسابی خەڵک بوون بەیەکە سەرمایەداری دونیاو شایانی ئەوەنین ببن بەهاوڵاتی ولاتەکانتان بۆیە دەبێت بنێردرێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان و مافی هاوڵاتی بووینان لێ وەربگیرێتەوە"

## شارو شارۆچکەکان سەربازگە نین، دەبێ دەست بەجێ هیزە سەربازی و چەکدارییەکان لە شارەکان بچنە دەرەوە

# موخەریبەکانی زەمانی بەعس و ئاژاوەگێڕەکانی زەمانی حکومەتی کوردی هەرێمی کوردوستان!...

نووسینی: شوان عەزیز

خەڵکی بەشمەینەت و زەحمەتکێش و برسی کوردوستان لەهەر دوو زەمانی بەعس و زەمانی حکومەتە کوردیەکەی خۆشیدا هەر پیاو خراپ دەردەچێت. لە سەردەمێکدا کە زوربەی بەرپرسانی ئێستای حکومەتی هەرێم لە شاخدا بوون و دەجەنگان لە دژی حکومەتی ڕەفتارفاشستی بەعس(لە زمانی خۆیانەوە)، خەڵکی کوردوستان هەمیشە وەک ئێستا، بەڵام ئەوکات لە دژی حکومەتی بەعس دەهاتنە سەر جادەو خۆپیشاندانیان ئەنجام دەدا. ساڵەکانی سەرەتای هەشتاکان هەندێک شاری کوردوستان ببوونە شوێنی هەموو کاتەی خۆپیشاندان لە دژی دامو دەزگا سەرکوتکەرەکانی ئەوکاتی بەعس. شارەکانی وەک هەڵەبجەو سلێمانی و قەڵادزەو تەنانەت زانکۆکانیش هەمیشە خۆپیشاندانیان تێدا ئەنجام دەدرا. لە هەموو ساتەکانیشدا حکومەت لە ڕێگەی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی وەک ئاسایش و ئیستیخباڕاتی ئەوکات خۆپیشاندانەکانی شەڵاڵی خوێن دەکرد وەک لە هەڵەبجەو قەڵادزە کردی.

ئەوکات حکومەتی بەعس ئەو خۆپیشاندەرانەی بە تێکدەرو ئاژاوەگێڕو دوژمنی عێڕاق ناوزەد دەکردن. ئەوکات خۆپیشاندەرەکان پێیان دەگوترا کە دەستی دوژمنانی عێڕاق لە پشتیانەوەیەو هانیاندەدا بۆئەوەی زەرەر بەعێڕاق و گەلەکەی بگەیێنن. ئەوکات لە تەواوی دەزگا ڕاگەیاندنە زەبەلاحەکانی حکومەتی بەعسەوە پاساو دەهێنرایەوە بۆ بکوژانی خۆپیشاندەرەکان کە ئەوان بۆپاراستنی عێڕاق و گەلەکەی ئاژاوەگێڕانیان بەسزای گەل و شۆڕش گەیاندووە. ئەوکات ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکان نە شەو نەڕۆژ نەیان دەوێرا لە ماڵی خۆیان بخەون وە هیچ کاتیش لە ژیانی خۆیان دڵنیا نەبوون. ئەوکات بە سەدان لە خۆپیشاندەران لە ماڵەکانی خۆیاندا دەڕفێنران و دەخرانە ژووری تاریکی زیندانەکانەوەو لەژێر ئەشکەنجەو زۆرەملێدا فۆڕمی پاکانەیان پێ پڕ دەکرایەوە کە جارێکی تر بەشداری ناکەن لە خۆپیشاندان‌دا.

ئەدی ئێستا لە ژێر سایەی حکومەتی کوردی هەرێمی کوردوستاندا خۆپیشاندەران چۆن پیشان دەدرێن؟

ئەگەر هەر ئینسانێک بۆ لەحزەیەک بچێتە ناو خۆپیشاندەرانەوەو گوێبگرێت لە داواو هاوارو شیعارەکانیان، تێدەگات کە هەر ئەو خەڵکەن و داخوازیەکانیشیان هەمووی ڕەوان، بەڵام دەسەڵاتدارانی کوردوستان ئەم داواکاریانە بەشێوەیەکی تر دەبینن و وایان دەبینن کە



جێبەجێکردنیان دەبێتە هەڕەشە بۆسەر مانەوەیان لەدەسەڵاتدا. بۆیە لەبەرامبەریان هەمان پەرچەکرداری دەسەڵاتی زەمەنی پێشوویان دەبێت لە بەرامبەر خەڵکی ناڕازی و خۆپیشاندەراندا. کە لە کاتی خۆیدا لە زەمانی حکومەتی ڕەفتار فاشستی بەعسدا خەڵکیان بەهۆیەوە پێ لەسێدارە دەداو گوللە باران دەکرا یاخود لانی کەم دەخرایە زیندانەوە. داخوازیەکانی ئەمڕۆی خەڵکی ناڕازی بریتین لە مووچەکانیان، ئاو، کارەبا، کارو دامەزراندن، ئازادیە دیموکڕاتیەکان، داوای شەفافیەت و دژی گەندەڵی وداوای خۆشکردنی ژیانی هاووڵاتی و دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانە. ئەمانە ئەو داواکاریانەن کە خەڵکی ناڕازی لەسەریان گوللە باران دەکرێن، دەخرێنە زیندانەوە، دەڕفێنرێن و پاکانەیان پێ پڕدەکرێتەوە، نان بڕاو دەکرێن و لە کارەکانیان (ئەگەر هەیان بێت) دەردەکرێن، هەڕەشەیان لێدەکرێت و خەویان لە ماڵی خۆیان لێ حەرام دەکرێت. زۆر جاران هەڕەشەی ئەودیو دێگەڵەشیان لێدەکرێت. (ئەم هەڕەشەیە بەتایبەتی لە زۆنی زەردی ژێر دەسەڵاتی پارتیدا بەکاردەهێنرێت وە هەندێک جار بۆ هەندێک کەس پراکتیسە کراوە).

ئەم داخوازیانەی خەڵکی ناڕازی کوردوستان ئەو داخوازیانەن کە حکومەتی کوردی لەسەریان خەڵکی ناڕازی بە شڕەخۆر، ئاژاوەگێڕ، تێکدەر، دوژمنانی حکومەتی هەرێم، جێبەجێکەرانی پیلانی دوژمنانی کورد، دوژمنانی تەجرووبە ساواکەی حکومەتی هەرێم ناوزەدیان دەکات و لە ڕێگەی دەزگای ڕاگەیاندنە زۆرو زەبەلاحەکانیانەوە دەیکەنە پاساوی قەتڵ و عامی خۆپیشاندەران و خەڵکی ناڕازی. دەڵێن ئەو خۆپیشاندانانە دەستی دەرەکی لەپشتەوەیە.

خەڵکی کوردوستان هەقی خۆیەتی کە پرسیار بکات بۆچی حکومەتی کوردی و دەسەڵاتەکەی تەماشای ڕەوایی داواکاریەکانی خۆپیشاندەران ناکەن و لە جیاتی وەڵامدانەوەی دروست بەو داواکاریانە دێن بەهانەی سەرکوت و قەتڵ و عام دادەتاشن. ئاخر خۆ زەمانی حکومەتی بەعسێش هەروا بەوشێوەیە بەهانەی گوللە باران کردنی خەڵکی داماو و شۆڕشگێڕیان دادەتاشی. لەهەر وڵاتێکی سەر ئەم گۆی زەویە کە سیستەمی دیموکڕاتی تێیدا لەسەرکار بێت و حکومەت بە سیستەم و دام و دەزگای حکومی کارەکانی بکات نەک بە سیستەمی خێڵ، کەسی، بنەماڵەیی و عەشیڕەتی هیچ کەسێک لەسەر ئەوداخوازیانە نە دەگیرێت وە نە ئیهانە دەکرێت وە بە هەقی ڕەوای خۆی دەزانرێت، بەڵام بەداخەوە کە ئێستا خەڵکی ناڕازی لە کوردوستان لەسەر ئەم داواکاریە ڕەوایانەی خۆیان دەگیرێن و دەکوژرێن و ڕاوەدوو دەنرێن و دەڕفێنرێن و پاکانەیان پێ پڕ دەکرێتەوە. کەواتە جیاوازیەکە لە چیدایە لە نێوان حکومەتی کوردی ئێستای هەرێمی کوردوستان و حکومەتی بەعسی ئەوسا بۆ خەڵکی ناڕازی؟

به بۆچوونی من هیچ جیاوازیەک لە خەڵکەکەدا نیە. خەڵکەکە یا هەر ئەو خەڵکەیە کە لەسەرەتای هەشتاکان دەهاتە سەرشەقام و داوای باشترکردنی ژیانی خۆیانیان دەکرد لەدەسەڵاتداران وە یا نەوەی ئەو خەڵکەیەو ئەوسا لەدایک نەببوو. کەواتە بەهەردووک بارەکەدا خەڵکەکە نەگۆڕاوەو هەمان خەڵکەو هەمان داواکاری هەیە کە دەگونجێت بە کەمێک زیادەو کەمیەوە.

ئەوەی کە گۆڕاوە دەسەڵاتەکەیە بە شکڵ و شێوە نەک بە ناوەڕۆک. ئەوسا دەسەڵاتی حکومەتی عەڕەبی بەعسی ڕەفتارفاشی بوو وە دژایەتی خەڵکی کوردی لە ڕووی نەتەوەییەوە دەکرد ئینجا لە ڕووەکانی ترەوە وەک هەر عێڕاقیەکی تر . ئێستا دەسەڵاتی کوردیەو لەژێر ناوی حکومەتی کوردیدا مافی خەڵکی زەوتکردووە.

ئێستا گۆڕانی دیدگای دەسەڵاتە بەرامبەر بە خۆپیشاندەران. ئیستا چونکە خۆپیشاندان لە دژی خۆیەتی بۆیە خۆپیشاندان شتێکی خراپەوەخۆپیشاندەرانیش شڕەخۆرو ئاژاوەگێڕن، بەڵام دوێنێ هەر کارەکتەرەکانی ئەو دەسەڵاتە بوون کە ئەو خەڵکە ناڕازیەیان بە شۆڕشگێر ناوزەد دەکرد چونکە لە دژی خۆیان نەبوو. ئێستا زەمەن گۆڕاوەو بەرژەوەندیش وای کردووە کە بۆچوون و دیدگای دەسەڵاتی کوردی بگۆڕێت لەبەرامبەر خەڵکە شۆڕشگێڕەکەی دوێنێ وە ئەورۆ دەسەڵات دێت بە شڕەخۆرو ئاژاوەگێڕی ناوزەد دەکات.

کورتەی دوایی:

خەڵک هەمیشە داوای باشترکردنی ژیانی کردووەو ئەوەشی بە ئەرکی دەسەڵاتداران و حکومەت زانیوە. لە ژێردەسەڵاتی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێڕاقداو هەروەها لەژێر دەسەڵاتی خۆیی کوردیشدا خەڵکی ناڕازی کوردوستان هەمیشە بە ئاگرو ئاسن وەڵامی داواکاریەکانی دراوەتەوە. بەهانەکانی وەڵامدانەوەی دەسەڵاتداران لەهەر دووک زەمەندا هەر لەیەک دەچن و هیچ جیاوازیەک نابینرێت لە پاساوەکانی سەرکوتکردندا. بۆیە مادام پاساوەکان بۆ سەرکوتکردنی خەڵکی ناڕازی لە یەکدەچن وە داواکاریەکانی خەڵکی ناڕازیش تا ڕادەیەک لەیەک دەچن کەواتە دەگەینە ئەو بڕوایەی کە دەسەڵاتدارانیش لەهەردووک زەمەنەکەدا لە ناوڕۆکدا بۆ خەڵکی ناڕازی و بەشمەینەت لەیەک دەچن. خەڵکی ناڕازی وخۆپیشاندەر لەهەردووک زەمەنەکەدا هەر بە ئاژاوەگێڕو شڕەخۆر ناوزەدکراون و دەسەڵاتدارانیش لەهەردووک زەمەنەکەدا خۆیان وا نیشانداوە لە میدیاکانەوە کەلەسەرهەق بوون. بەڵام بەشکڵ و شێوە گەلیک جیاوازن و کوردایەتی و حکومەتی کوردی خۆیی وای کردووە کە خەڵکێکی زۆری ناڕازی نەتوانێت لە دژی حکومەتی خۆی ڕاپەڕێت، جا با حکومەتێکی باشێش نەبێت. ئەمەش وای کردووە کە دەسەڵات تا ئێستاش خاوەنی دەنگە لە نێو خەڵکیداو دەیکاتە بەهانەی ئەوەی کە خەڵکی لەگەڵدایە.

بۆیە پێشنیاری دروست ئەوەیە: پێویست دەکات ئەوخەڵکەی کە هێشتا پێی وایە حکومەتی خۆیی کوردی بە هەموو خەراپیەکانیەوە هەروا باشە کە پشتی بگیرێت، با بە خۆیاندا بچنەوەو بزانن کە ئەمە باوەڕێکی هەڵەیە. تۆ ئەگەر لەسەر ئەوەی کە داوای نان و ئازادی دەکەی بە ئاژاوەگێڕو شڕەخۆر ناوزەد بکرێی و بە ئاگرو ئاسن وەڵام بدرێیتەوە، ئەم وەڵامە و بەم شێوەیە لەلایەن بەرپرسێکی کوردەوە بێت یان لە لایەن کەسێکی غەیرە کوردەوە بۆ تۆ چی جیاوازیەکی هەیە؟ بە واتایەکی تر تۆ ئەگەر بەرپرسێکی کورد لە برسا بتکوژێت لەگەڵ هەمان کار کە غەیرە کوردێک پێتی دەکات بۆ تۆ چی جیاوازیەکی هەیە؟ برسیکردن هەر برسی کردنەو دزی لێکردن هەر دزی لێکردنەو تۆ شتەکەت هەر لەدەست دەدەی جا با هەر کەسێک بیدزێت لێت.

**دوزخورماتوو بەرەی جەنگە، نەک شەقامی شارەکانی کوردستان!**

# کشانەوەی ئۆپۆرتۆنیستانە و فریوکارانەی گۆڕان و کۆمەڵ لە حکومەت

## نووسینی: ڕێبوار ئەحمەد

بزووتنەوەی گۆڕان لە دەمی ڕابەرەکەیەوە، چەند ساڵ لەمەوبەر کاتێک گۆشەیەکی کورسی دەسەڵاتیان بە بەندوبەست لەگەڵ پارتی چنگ کەوت، بانگەوازی خەڵکی کرد کە نارەزایەتیەکان راگرن و چوارساڵ شەقام ئارام ڕاگرن، بە بەڵێنی ئەوەی ئەوان چاکسازیان بۆ دەکەن و خواست و مافەکانیان لە ڕێگای بەشداری لە حکومەتی گەندەڵ و تالانچیەوە، بۆ دابین دەکەن. بەڵام ئەمڕۆ سوک و سادە هەموو وەفاداری خۆیان بۆ ئەو بەلێنانە، بەوە نیشاندەدەن کە لە حکومەتێک بکشێنەوە کە چەند ساڵە لێی دەرکراون. کشانەوەی ئێستایان بە ئەندازەی بەشداری چوارساڵ لەمەبەریان ئۆپۆرتۆنیستانەیە. سەیر ئەوەیە لەو بەشە لە دەسەڵات دەکشێنەوە کە دەمێکە لێی دەرکراون، بەڵام لە هەموو جومگە و پۆستە محەلیەکاندا ماونەتەوە، کە هێشتا لە دەستی خۆیاندایە. هەموو پارێزگای سلێمانی دژی تاڵان و بڕۆ و ژیانی کارەساتبار خرۆشاوە، پارێزگاری سلیمانیش سەر بە بزووتنەوەی گۆڕانە و لە سایەی دەسەڵاتی ئەودا خۆپیشاندانی خەڵکی نارازی و برسی و بێدەرەتان بە دڕندانەترین شێوە سەرکوت دەکرێت. گۆڕان و کۆمەڵ ناتوانن بە کشانەوە لەو پۆستانەی دەمێکە لێیانسەندراوەتەوە و مانەوە لەسەر ئەو کورسیانەی دەسەڵات کە لە چنگیان ماوەتەوە، شتێک جگە لە لوتکەی هەلپەرستی، فریوکاری، ناجەسوری و خۆڵکردنەچاوی خەڵک، نیشانبدەن.

لەسەرەتای ڕاگەیاندنی کشانەوەکەیاندا، لیستێکی پڕ لە فریوکاری پوچ و بێ ناوەرۆکیان بۆ بەناو خەباتی چەندین ساڵەی خۆیان ڕازاندوەتەوە. خودی ئەوەی کە گوایە نیازیان بوو لەگەڵ مافیا تالانچی و مرۆڤکوژەکانی یەکێتی و پارتی "حکومەتیکی ڕەشید" دامەزرێنن، ئەوەندە پوچە تەنها مەگەر ئەوانەی نوقمی فریوی ئەم دوو لایەنە بوون باوەڕی پێبکەن. جەماوەری کوردستان گومانیان لەوە نەبوو کە هەر لایەنێک بە هەر پاساوێکەوە دەست لەگەڵ ئەم مافیا تالانگەرانە تێکەڵ بکات، جگە لە مەرامی هاوبەشی کردن لە تاڵان و بڕۆ هیچی تری نیە. بەڵام ئەوە گۆڕان و کۆمەڵ و لایەنە بورژوازیەکانی تر بوون کە فریوکارانە هەوڵیاندا خەڵک بەوە بگەوجێنن کە بەشداری لایەنگەلێکی وەکو گۆڕان و کۆمەڵ، کە خۆیان بەشێکن لە خانەوادەی بورژوازی چەوسێنەری کورد، دەکرێت ئەم دەسەڵاتە فاسدە بکەن بە "حکومەتێکی ڕەشید". سەیر لەوەیە ئەو لیستە بەناو خەباتی پڕشانازیەی بۆ خۆیانیان ڕازاندوەتەوە، جگە لە کۆمەڵێک قەوانی سواو بێبەریە لەهەر خواست و ئامانجێکی ڕۆشن و سەرەکی خەڵک کە لەسەر شەقامەکانەوە بە ڕیزی هەزاران کەسی هوتافی بۆ دەکێشرا و بە کورتی بریتی بوو لە نان و ئازادی و خزمەتگوزاری و کۆتیهێنان بە دەسەڵاتی ستەمکار و میلیشیایی.

بەشداری خۆیان لە کابینەی بنکەفراوان وەکو پێویستیەکی قۆناغەکە پاساو دەدەن، بەبێ ئەوەی بتوانن یەک بەڵگەش نیشانبدەن سەبارەت بەوەی ئەو بەشداریە چی لە قازانجی خەڵک گۆری و دەسکەوتەکانی چی بوون؟ لە کاتێکدا هەر لەو ساتەدا هەزاران پەنجە لەسەر ئەوە دادەنرا کە حکومەتی بنکەفراوان جگە لە پەلەقاژەیەک بۆ درێژکردنەوەی دەسەڵاتی مپیلیشیایی و دابینبونی بەشی لایەنە بورژوازیەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە داهاتی بە تاڵانبراو هیچ ئاکام و ئەنجاێیکی تری نابێت. دەتوانن بۆ خەڵکی ڕونبکەنەوە کە بانگەوازی چۆڵکردنی شەقامەکان و ئارام ڕاگرتنیان بۆ ئەوەی جەنابیان بەشی خۆیان لە دەسەڵات و داهات مسۆگەر بکەن، کام پێویستی قوناغ بوو لە ڕوانگەی خەڵکی برسی و ناڕازیەوە و بە قازانجی کێ شکایەوە؟!

تازە بە بیریاندا هاتوەتەوە کە "دەسەڵاتدارانی هەرێم بەشیوازێکی بەرفراوان درێژەیاندا بە گەندەڵی سیاسی، یاسایی، ئابوری و دارایی و هەروەها بەدەر لە یاساکان ماوەی دوساڵی تریان بۆ سەرۆکی هەرێم درێژکردەوە، دواتر پەرلەمانی کوردستانیان پەکخست و کابینەی هەشتی حکومەتی هەرێمیان ئیفلیج کرد، وەک هەمیشە شەراکەتی ڕاستەقینەیان قبول نەکرد وە ئامادەش نەبون چاکسازی ڕاستەقینە ئەنجام بدرێت ."لە کاتێکدا بە درێژایی نزیک بە دوو ساڵی ئەو قۆناغە خۆیان بەشێک بوون لە "دەسەڵاتدارانی هەرێم". بەڵام هێشتا پرسیار ئەوەیە کە لەو ساتەوە ئەوان دەستیان داوەتە تانەدان لە دەسەڵات، تا ئێستا دەکاتە چەند ساڵ، کەوایە لە هەموو ئەم ماوە درێژەدا کە ئەوان دەیانبینی" دەسەڵاتدارانی هەرێم بەشێوازێکی بەرفراوان درێژەیاندا بە گەندەڵی سیاسی، یاسایی، ئابوری و دارایی..و..." بۆ هەر ئەوکاتە لە حکومەت نەکشانەوە؟! ئەمەش دەکەن بە منەت بەسەر خەڵکەوە گوایە هەموو ئەم ماوەیەی کە لە ڕاستیدا چاویان لە دەستی پارتی بڕی بوو بۆ ئەوەی دەرگا بەڕووی گەڕانەوەیان بۆسەر کورسی حکومەتی بنکە فراوان بخاتە سەرپشت، ئەوان سەبر و خۆڕاگریان نواندوە! گوایە "ویستویانە دەرفەتێک بدەن تاکو دەسەڵات بەدەم ئەرکی قۆناغەکەوە بێت"!! ئەمە پاساوێکی پوچە بۆ چاوەڕوانی و چاولەدەستبوونی خۆیان بۆ پارتی، پاش نائومیدی تەواویان لەو چاولەدەستیە و پەرەگرتنەوەی نارەزایەتی خەڵک، ئۆپۆرتۆنیستانە هەم دەیانەوێ ئەم چەند ساڵە لە چاوەڕوانی بۆ ڕەحمەتی پارتی پاساو بدەن و هەم دیسان دەیانەوێ جەماوەری ڕاپەڕیو فریو بدەن و خۆیان سواری شەپۆلەکانی ئەم نارەزایەتیانە بکەن.

ئەم هەڵوێستەیان بەرامبەر حکومەتی بنکە فراوان ئۆپۆرتۆنیستانە و بەرامبەر خەڵکی بە مەیدان هاتوو فریوکارانەیە. ریسوایی لە هەڵوێستەکەیان بە تایبەت لەوەدا بەرجەستەبووە کە ئەوانیش وەکو عەبادی و ناسیۆنال-فاشیستە عەرەب و تائیفیەکان، وەکو قاسم سلێمانی و ئەردۆگان، هۆکاری دۆخی کارەساتباری ئێستا دەگێڕنەوە بۆ ڕیفراندۆم. لۆمەی عینادی بارزانی دەکەن کە بۆ بە قسەی عەبادی و خامەنائی و ئەردۆگان و ترەمپی نەکردوە و لە ڕیفراندۆم پاشگەزنەبوەوە!! لە کاتێکدا ئێستاش بەدەمیاندا نایات ئەو هەموو بەربەریەتەی عەبادی و حەشدی شەعبی ئیدانە بکەن. ڕیفراندۆم مافێکی ڕەواو سەرەتایی خەڵکی کوردستان بوو، گۆڕان و کۆمەڵ لەم مەسەلەیەدا لە جیاتی ڕاوەستان لە پاڵ دەنگ و ئیرادەی ملیۆنی خەڵکی کوردستان، لە هاوشانی دوژمنانی ئەم خەڵکە ڕاوەستان. داوایان کرد ریفراندۆم و ڕاپرسی بە خەڵک نەکرێت، پاشانیش پێداگریان لەسەر ئەوە کرد کە دەنگ و ئیرادەی ملیۆنەها خەڵکی کوردستان بخرێتەژێرپێوە و دڵی کۆنەپەرستان و دوژمنانی ئەم خەڵکەی پێ ڕازی بکرێت. ئەوان بوون بە بەشێک لەو هۆکارانەی کە پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستانی دوچاری شکست کرد، بوون بە بەشێک لەو ڕەوەندەی کە کارەساتێکی گەورەی بەسەر خەڵکی کوردستاندا هێنا. ئێستاش لە جیاتی لۆمەکردنی خۆیان، لۆمەی پارتی و لە ڕاستیدا لۆمەی ئەو ملیۆنەها خەڵکە دەکەن کە تەنها بە دەنگی خۆیان ڕایانگەیاند چ چارەنوسێکیان دەوێ بۆ خۆیان. هێشتاش دەمیان ناهێنی تەنانەت وشەیەک لەسەر مافیا سیاسیەکانی بنەماڵەی تاڵەبانی بڵێن کە ڕیفراندۆمی خەڵکی کوردستانیان هەرزانفرۆش کرد و بون بە پێشلەشکری حەشدی شعبی و سوپای قودس بۆ سەر خەڵکی کوردستان. بەڵام گۆڕان و کۆمەڵ دەبێ ئەو ڕاستیە بزانن کە ئەو ڕیفراندۆمەی ئەنجامدرا، سەربارەی ئەو شکستەی بە زەبری چەک و ملهوڕی بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپێنراوە، بۆ هەتاهەتایە دەسکەوتێکی سیاسی گرنگی خەڵکی کوردستانە و تازە هیچ لایەنێکی سات و سەوداگەری وەکو ئەوان ناتوانێ بە ناوی خەڵکی کوردستانەوە باسی فیدراڵیزمی قەومپەرستی بکات و دەستلەملانی ناسیۆنال فاشیستە عەرەبەکان و تائیفەچیەکانی بەغدا بێت. ئەگەر بەم مەنتیقە سەقەتەی ئەوان لە مێژوو و ڕووداوەکان بروانرێت کە ریفراندۆم هۆکاری ئەم کارەساتەیە کە بەسەر خەڵکی کوردستان هاتوە، بەو ئەنجامە دەگەن کە "شۆڕشە نوێکەی گەلی کورد و شەڕی پێشمەرگانە"ی جێگای شانازی ئەم جەنابانە، هۆکاری خاپورکردنی هەزاران دێهات و ئەنفال و کیمیاباران و کۆمەڵکوژی خەڵکی کوردستان بوو، هەر بەم پێیەش ئەو "شۆڕشە نوێیە" دەبێتە پاساوی هەموو بەربەریەتی ڕژێمی بەعس دژی خەڵکی کوردستان. ئەگینا دەبێ بلێین بانێکە و دوو هەوا!! پوچترین و کۆنەپەرستانەترین مەنتق ئەوەیە بلێی خەڵکێکی ستەملێکراو نابێ مارەسەی مافی خۆیان بکەن و ئیرادەی خۆیان بنوێنن چونکە دوژمنە ستەمکارەکانیان قبوڵی ناکەن!!!!

گۆڕان و کۆمەڵ تازە باسی "پاککردنەوەی لیستی دەنگدەران لەسەدان هەزار دەنگی ساختە" دەکەن! کەوایە دەکرێت ڕوونی بکەنەوە کە بۆچی شەرعیەتیاندا بەو هەموو نمایشی هەڵبژاردنانەی کە دەیانزانی بەسەدان هەزار دەنگی ساختەوە نمایشکراون، تەنها لەبەرئەوەی کە بەشی خۆیان کورسیان مسۆگەرکرد بوو؟! لە کاتێکدا بەشێکی زۆر و بەرچاوی خەڵک ئەو نمایشی هەڵبژاردنانەی بایکۆت کرد و ئەو ڕاستیەیان دەزانی کە هیچ یەک لەو بە ناو هەڵبژاردنانە "هیچ ماهیەت و نرخیکیان نیە" و بە سەرەتایترین پێوانەکانی هەڵبژاردن، نەدەکرا بە هەڵبژاردن هەژماربکرێن، بەڵکو ئەوە کۆمەڵ و گۆڕان و یەکێتی و پارتی بوون ئەو فریوکاریانەیان بە ناوی هەڵبژاردن و دیموکراسیەوە دەرخواردی خەڵکی کوردستان دا، بۆئەوەی پێکەوە داهاتی بە تاڵانبراو و دەسەڵاتی داسەپاو و کۆنەپەرستانەی میلیشیایی لە نێوان خۆیان دابەش بکەن.

کشانەوەی ئەم دوو لایەنە لە کابینەیەک کە دەمێکە شکستی خواردوە و لە دۆخێکدا کە جەماوەری خەڵک لەسەر شەقامە و دروشمی "بڕۆن بڕۆن" بە گۆڕان و کۆمەڵیشەوە، بوەتە وێردی سەر زمانی جەماوەر، ئەگەر بە پێوانەی ناوخۆیی بورژوازی کورد قەزاوەتی لێبکرێت، خیانەت و ئۆپۆرتۆنیستیە. بە پێوانەی خەڵک و ئازادیخوازیش فریوکاری و پەلەقاژەیەکە بۆ خراپ کەڵک وەرگرتن لە خەبات و نارەزایەتی خەڵک. ئەو ڕێگاچارانەش کە لەم ڕاگەیاندنەدا...

بۆ لاپەرە ٩

# سێ تایبەتمەندی و کاتەگۆری چەپ بوون

## نووسینی: نادر عبدالحمید



لەگەڵ بوونی خواستی موچە دواکەوتووەکان و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان، بەڵام تایبەتمەندیەتی هەرە جەوهەری ئەم خۆپێشاندانەی ١٨-١٢-٢٠١٧ ڕۆیشتنی دەسەڵات، هەڵپێچان و ڕوخاندنی بووە. هاوکات ڕەوتە سیاسیە نەیارەکانی هەردوو حزبی دەسەڵات، واتا نیوە ئۆپۆزیسیۆنی قەومی-ئیسلامی (گۆڕان و کۆمەڵ)، وە کەسایەتی و کۆڕوکۆمەڵە لیبراڵ-ناسیونالیستەکانی کوردستان و ڕەوتی تازە شکڵگرتووی (نەوەی نوێ)، لە ئێستادا پلاتفۆڕمی سیاسیان دەست لە کار کێشانەوەی حکومەت و پێکهێنانی حکومەتی ڕزگاری نیشتمانی، حکومەتی کاتی وەیا تەکنۆکراتە.

بە پێچەوانەوە، شەپۆلە جیاجیاکانی ناڕەزایەتی و خۆپێشاندان لە ساڵانی ڕابردوودا لەگەڵ بوونی ڕەوت و لایەنی سیاسی چەپ و کۆمۆنیست تیایدا کە بە ئاسۆی بەرزکردنەوە و ئاڕاستەکردنی ئەو خۆپێشاندان و ناڕەزایەتیانە ڕووەو هەڵپێچان و ڕوخاندنی دەسەڵات چالاکیان دەنواند و کەمتاکورتێکیش کاریگەریان بەجێهێشتبوو، بەڵام تایبەتمەندی سەرەکیان دابینکردنی موچە دواکەوتووەکان و خزمەتگوزاریەکان بوو. ئەوەش بێنینەوە یاد بەپێچەوانەی ئێستاوە ئۆپۆزیسیۆنی قەومی-ئیسلامی و کۆڕوکۆمەڵە لیبراڵ-ناسیونالیستەکان ئەوسا پلاتفۆڕمی سیاسیان فشارهێنان بوو بۆ دەسەڵات تا ملبدات بە خواستە ئابووری و خزمەتگوزاریەکان و بێتەپای سازشێکی سیاسی کەدواتر خۆی لە حکومەتی بنکە فراواندا بیندەوە.

لێرەوە پێبەپێی قەیرانی ئابوری و فشاری بێکاری و دەستەنگی و برسیەتی، هەروەها پێبەپێی کورتهێنانی تواناییەکانی دەسەڵات بۆ ئەنجامدانی ڕیفۆڕم و سازش لەگەڵ ناڕەزایەتیەکان، ئەم دەسەڵاتە ناچار بووە وێڕای چاوبەستەگی و هەڵفریواندن هەرچی زیاتر پەنا بەرێتەبەر سەرکوت، بۆیە ناڕەزایەتیەکان هەرچی زیاتر ڕووەو ڕادیکاڵ بوونەوە ڕۆیشتن. ئەمە جگە لەوەی ڕێگای هەڵبژاردنی پەرلەمانی و حکومەتی بنکەفراوان کە ئۆپۆزیسیۆنی قەومی-ئیسلامی لەدوای ساڵی 2009 وە لەڕێگەیەوە توانیان سواری شەپۆلی ناڕەزایەتیەکان ببن، لە ئۆگۆستی 2015 دا ئەم ڕێگەیە بەبنبەست گەیشت بۆ هێنانەدی ئاڵوگۆڕی سیاسی لە دەسەڵاتدا. سەرۆکی پەرلەمان و وەزیرەکانیان نێردرانە ماڵەوە. بەم شێوەیە کاتێک ڕێگەی سازان و "یەکخستنی ناوماڵی کورد" کۆتایی هات، وە ئۆپۆزیسیۆن ڕیسوا بوو، لەڕووی بابەتیەوە ئاسۆی دەربازبوون لەم قەیرانە سیاسی-ئابوریە تەنها ڕێگەی ئاڵوگۆڕێکی ڕیشەیی دەخاتە بەردەم کۆمەڵگە ئەویش بەدوو ئاقاردا. ئاقاری یەکەم بورژوا-ناسیونالیستی دەسەڵاتدار بەتایبەت حزبی پاوەنکاری دەسەڵات و سەروەت (پارتی) و بەرجەستە لە شەخسی (بارزانی)دا، بۆ داپۆشینی تەواوی ئەو ناکۆکیە کوشندانەی ناو هەناوی کۆمەڵگەی کوردستان، نەک هەر هێشتنەوەی خۆی لە دەسەڵاتدا، بەڵکو خۆنمایش کردنیش وەک پاڵەوانی مەیدان و سەروەری نەتەوە، پەنا بەرێتە بەر ریسکی ڕیفڕاندۆم و سەربەخۆیی کوردستان. ئەگەر ئەم قومارە سەری بگرتایە و براوەبوایە بەدڵنیاییەوە کۆمەڵگەی کوردستان دەستخۆشی ئاڵوگۆڕێکی بنچینەیی دەهات. ناڕەزایتیە کۆمەڵایەتیەکان، پەیوەندی چینەکان و حزبە سیاسیەکان بە دەوڵەتی تازە شکڵگرتوو و دەسەڵاتەوە، تەواو ئاڵوگۆڕی بەسەردا دەهات و کوردستان دەچووە ناو مێژوویەکی تازەوە.

بەڵام حزبی دەسەڵات و بەگشتی بورژوازی کوردستان نەک هەر بەختەوەر نەبوون و ئەم لۆتۆ (بیتاقەی یانسیب)ەیان بۆ دەرنەچوو، بەڵکو بە دۆڕاوی و ئیفلاسیەکی ئابڕووچوانەوە لەو سەرەوە هاتنەدەروە، کە هێندەی تر قەیرانەکانی قوڵکردەوە، زیاتر (ناوماڵی بورژوازی کورد)ی تێکدا و بە لەدەستدانی بەشێک لە چاڵە نەوتەکان و گومرگی خاڵە سنوریەکان و ... ئاسۆی بەردەوامی دان بە نیوە موچەی هەر سێ مانگ جارێکیش تارک بوو.

خاڵێک کە لە لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێبدەم، ئەوەیە کە تێکشکانی دەسەڵاتی بورژوازی فەرەنسا لەشەڕیا لەبەرامبەر ئەڵمانیا لە ساڵی ١٨٧٠، تێکشاندنی دەسەڵاتی قەیسەر لەبەرامبەر ژاپۆن لە ساڵی ١٩٠٤ و لەم حاڵەتەی کوردستانی عێراقیشدا تێکشکان و چۆکدادانی دەسەڵات لەبەرامبەر حکومەت و دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندیدا ڕۆڵی خۆیان بینیوە لە شکاندی سام و هەیبەتی دەسەڵات و پەیاکردنی جورئەت لەلایەن جەماوەرەوە بۆ ڕاپەڕین و ڕاماڵینی دەسەڵات.

ڕەوتی قەیران و ناڕەزایەتیەکان کە خۆی بەرەو ڕادیکاڵبوونەوە دەڕۆیشت بە دژی دەسەڵات، تێکشکانی پرۆژەی ڕیفڕاندۆم و سەربەخۆیی و داخرانی ئاسۆی دابینکردنی موچە و خزمەتگوزاریەکان لە دۆخێکی وەستاوی پرۆژە ئابوریەکان و بێکاریەکی بەربڵاو و برسیەتیدا، "ئەو تاڵە مووە بوو کە پشتی حوشترەکەی شکاند". کاتێک جەماوەر دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە دەسەڵات هیچ ئاسۆیەکی لەبەردەمدا نەماوە کە بتوانێت چارەسەری ئەم بێموچەیی و برسیەتی و بێکاریەی پێبکات لەو چرکە ساتەدا چاوەڕوانی مانایەکی نامێنێت و خەڵکی دەجوڵێن و دەتەقنەوە بەڕوی دەسەڵات و ئەم بارودۆخەدا. لەڕووی بابەتیەوە چینی بورژوازی لە کوردستاندا لە پرۆسەیەکی دیاریکراوی مێژووییدا ئاڵتەرناتیڤە جۆراوجۆرەکانی چ لەدەسەڵات و چ لە ئۆپۆزیسیۆندا بە بنبەست دەگات. مێژووی کوردستان لە ئێستادا وەک حاڵەتێکی بابەتی چینی کرێکار بانگەواز دەکات تا لە ڕوانگەی بەرژەوەندیە کۆتاییەکانی خۆیەوە ئاڵتەرناتیڤ بۆ کۆمەڵگە بخاتەڕوو، ئەمەش ئەرکێکە لەسەرشانی بزوتنەوەی سۆشیالیستی کرێکاری، چونکە بورژوازی وەک چینێک هیچ چارەسەرێکی جدی پێنەماوە جگە لەڕاگرتنی وەزعەکە و بارودۆخێک کە لەتوانای خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشدا نەماوە، ئەویش بە سەرکوت و ئیستیبداد.

لێرەوە دێینەسەر تایبەتمەندی دووەم کە ئەویش بۆ یەکەمجارە هێزی پێشمەرگە (جگە لەبەرپرسانی باڵا) وەک توێژێکی کۆمەڵایەتی دەستەنگ و کەمدەرامەت و موچە لێبڕاو دەبنە بەشێک لە ناڕەزایتیە کۆمەڵایەتیەکانی کوردستان و هەتا لە خۆپێشاندانەکانیشدا (گەرچی بە شێوازی فەردی) ئامادەییان هەیە. ئەمەش بەو مانایە کە دەسەڵات هەرچی زیاتر تەریک کەوتۆتەوە و بووە بە گروپێکی مافیایی و بە دامودەزگایەکی تەواو جیا لە خەڵکی و دژ بە بەرژەوەندیەکانیان و پشتبەستوو بە هێزە داپڵۆسێنەر و سەرکوتگەرە تایبەتیەکانی خۆی لە چەشنی "دەزگای ئاسایش"، "دەزگای زانیاری"، "دەزگای دژە ترۆر"، "هێزی تایبەت"، "دەزگای پاراستن"، و "هێزی زێرەڤانی".

ئەوەی دەسەڵات لە پێنج ڕۆژی ڕابردوودا بەدوای خۆپێشاندانەکان ڕۆژ بەڕۆژ هەڵمەتی ڕاوەدوونان و گرتن بەرفراوانتر دەکات و بە بەردەوامی و بەبێ پسانەوە خەریکی ئەم سەرکوتگەریەیە، گوزارش لە حاڵەتێک دەکات کە مەسەلەکە هەر ئەوە نیە وەکو ساڵانی ڕابردوو خەڵک ناڕەزایەتی دەردەبڕێت و خۆپێشاندان دەکات و دەسەڵات دەکەوێتە ڕاوەدوونان و گرتنی چالاکوانان و دوایش بارودۆخەکە دێتەوە شوێنی خۆی، بەڵکو ئەمجارەیان لە ئێستاوە ئەم دەسەڵاتە شەری سەروماڵ، شەڕی مانونەمانی خۆی دەکات. دەزانێ ئاڵوگۆڕێکی جۆرایەتی (نەوعی) لە ئاگاهی خەڵکدا ڕویداوە و ئەم خەڵکە هەر فرسەتێکیان بۆ بخڕەسێ دێنە مەیدان و هەڵی دەپێچن و دەیخەنە زبڵدانی مێژووەوە.

خەسڵەتی سێهەمی ئەم شەپۆلە لە ناڕەزایەتی و خۆپێشاندان، گوزارش لەوە دەکات کە لەڕووی مێژووییەوە زەمینەی مادی نەک بۆ خستنەڕووی ئاڵتەرناتیڤی سۆشیالیستی بەڵکو بۆ بە عەمەلی دەرهێنانی هاتۆتە ئاراوە. ئەمە بە چ مانایەک؟

بەو مانایەی کە دەسەڵاتی بورژوازی، وە ڕەوتە جۆراوجۆرەکانی بەوانەشەوە کە لە ئۆپۆزیسیۆن بوون پێشتر و ئێستا نیوە ئۆپۆزیسیۆنن لە ئیعتیبار کەوتوون، دامەزراوەی پەرلەمانی وەک خودی دەسەڵات بە ئەزمونێکی زیندوو ئیعتیباری لەدەستداوە. ستراتیژی ئابووری دەسەڵات کە بازاڕی ئازادە بەهەمانشێوە خەڵکی بە ئەزمونی خۆیان بۆیان دەرکەوتووە کە سەرپۆشێکە بۆ تاڵانی و دزی سەروەت و سامان و برسی کردنی کۆمەڵانی خەڵک.

ئەوەی لەو نێوەدا غائبە هێزی ڕێکخراوی سۆشیالیستی و کۆمۆنیستی سەر بە ئاسۆ و بەرژەوەندیە کۆتاییەکانی چینی کرێکارە کە ئاڵتەرناتیڤێکی سیاسی سۆشیالیستی بخاتەڕوو. هەر حزب و گروپ و مەحفەلێکی کۆمۆنیست و کرێکاری ئەگەر دەسەڵات وەک پاکێجێکی سێ لایەنەی حکومەت و دامەزراوەی پەرلەمان و بازاڕی ئازاد لە ئێستادا ڕەت نەکاتەوە، وە ئەوە مەبنای کار و هەڵسوڕانی نەبێت، ناتوانرێت لەناو کاتەگۆری چەپ و سۆشیالیزمدا جێگەی ببێتەوە، بەڵکو لەباری سیاسیەوە دەچێتە ناو کاتەگۆری بەرەی بورژوازی و لەباشترین حاڵەتیدا کاتەگۆری ڕیفۆڕمیستیەوە.

ڕەوتە جۆراوجۆرەکانی ناسیونالیزم و لیبراڵ-ناسیونالیست و ئیسلامیەکان، خوازیاری تەنها گۆڕینی حکومەتن بەبێ وەلانانی دامەزراوەی پەرلەمان نەک هەر ئەوەش دەیانەوێت لەڕێگەی پەرلەمانەوە جارێکی تر دەسەڵاتی بورژوازی ڕێکخراو بکەنەوە بەسەر سەری کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستانەوە، وە دەیانەوێت پشت بە هەمان بازاڕی ئازاد وەک ستراتیژ و بنەمای ئابوری حکومەتی ئایندەیان ببەستن.

ستراتیژێکی سۆشیالیستی لە ئێستادا دەتوانێت گوزارش بێت لە دوائامانج و بەرژەوەندیەکانی چینی کرێکار و لەو ڕێگەشیەوە ڕزگاری تەواوی کۆمەڵگە و چین و توێژە زەحمەتکێشەکان کە بتوانێت ئاڕاستەی هەڵپێچانی دەسەڵات بێت لە کوردستاندا نەک هەر بەمانای وەلانانی حکومەت بەڵکو وەلانانی وەک پاکێجێک بە خۆی و دامەزراوەی پەرلەمانی و بازاڕی ئازادیەوە. وە کوردستان بکات بە پایەگای ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێڕانەی کۆمۆنیستی لەسەراسەری عێراقدا بۆ تێکشکاندنی دەسەڵاتی بورژوازی لەبەغدا و چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی لەو ڕەوەندەدا. ستراتیژی سەربەخۆیی کوردستان ناتوانێت گوزارش بێت لەو زەروتە مێژووییەی کە هاتۆتە ئاراوە لەمرۆی کوردستاندا، بۆیە لەڕووی سیاسیەوە ئەو بەشە لە بزوتنەوەی چەپ و کۆمۆنیست دوای ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ کە بەدوای (بەعەمەلی دەرهێنانی سەربەخۆیی کوردستان)ەوەیە لەڕووی سیاسیەوە دەچنەدەرەوەی بەعەمەلی دەرهێنانی سۆشیالیزم.

# بڕوخێ سیستەمی شەق وەشێن ومافیاودزەکان

نووسینی: عبدالرحمن رسول



لەمێژووی مرۆڤایەتیدا چەندین قۆناغ و سەردەمی شۆڕش و ڕاپەڕینی خەڵک هەیە ئەگەر ڕاستگۆیانەو دڵسۆزانە لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەیان بۆبکرێت زۆرلێک دەچن، دەتواندرێت سوودی هەبێت وسوود لێ وەربگیرێت بۆ هەنگاوەکانی داهاتوویی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی باشووری کوردستان لەدژی سیستەمی چەوسێنەری خێڵایەتی حیزبی کە بەدرێژایی ٢٦ساڵی دەسەڵاتی حیزبەکانی باشووری کوردستان تەنها ئامانجیان کۆیلەکردن وچەوسانەوەو هەژارکردنی خەڵکی باشووری کوردستانە کە بەدرێژەدانی سەرکوت وئیستبدای زۆرو تیرۆرو بزرکردن وڕفاندن وکوشتن گەشەیان بەسەرمایەو دەسەڵاتیان داوە.

لەقۆناغ وسەدەکانی ڕابردوودا بەهۆی بەرزکردنەوەی دەنگی نارەزایەتی وگوتنی نابۆچەوسانەوەو سیستەمی کۆیلایەتی وبەهۆی گەشەی وشیاری کۆیلەکانەوە. شۆڕشی کۆیلەکان لەدژی سیستەم ویاساکانی چەوسێنەری کۆیلایەتی دەستی پێکرد وبەسەرکەوتنی کۆیلەکان وشکستی خاوەن کۆیلەکان شۆڕش سەرکەوتووبوو، قۆناغی کۆیلایەتی کۆتاییهات، کۆیلەکان ڕزگاریان بوو.

لەشۆڕشی ئازادیخوازانەی خەڵکی فەڕەنسا لەساڵی(١٧٨٩) لە ئەنجامی هەبوونی سیستەمێکی چەوسێنەرو سەرکوتگەرو گەندەڵ ونادادپەروەردا، کەبارودۆخێکی زۆر نالەبارو خراپ لەروویی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی وگەندەڵی وفەسادی و بەهەدەردانی سەروەت و سامانی خەڵک، گەشەدان بەبێکاری و هەژاری وبرسیکردنی خەڵک هەروەها سازکردنی شەڕو بەفیڕۆدانی پارەو سامان لەخەرجییە زۆرەکانی چەند ساڵەی بنەماڵەی دەسەڵاتداری (بۆربۆن و شاژنەکانیان) بوو. ئەوەی گرنگە ئەوەیە هۆکار و ڕەمزی ئەو گەندەڵی و نادادپەروەری و برسیەتی خەڵک بریتی بوون لە دام و دەزگای حکومی و پاشایەتی و بەشێک زۆر لە پیاوانی ئایینی کەنیسە وبارەگا سەربازییەکانی کە پارەو سامانێکی زۆریان لەسەرحیسابی خەڵک بۆخەرج دەکرا خەڵکی فەرەنساش بەردەوام ڕۆژ دوای ڕۆژ بارودۆخ و گوزەرانی خراپتر دەبوو، بێکاری وهەژاری گەشەی دەکرد لەبەرامبەریشدا کەسانی ئایینی وبنەماڵەی دەسەڵاتدارو نزیک لەدەسەڵاتدار خۆشگوزەرانترو باشتر دەژیان و سەرمایەدارتر دەبوون. هەربۆیە خەڵکی فەرەنسا چیتر بێ دەنگی نەما بەدەنگی بەرزو بەیەکگرتوانەی خەڵکی نارازی هاتنەمەیدان بۆگۆڕانی سیستەمی چەوسێنەرو جیاکردنەوەی دین لەدەوڵەت. ڕق وکینەی خەڵکی فەرەنسا بەجۆرێک بوو کە لەکاتی ڕاپەڕینی خەڵکی فەڕەنسا هەموو ئەو دام ودەزگا سەربازی و حزبی و حکومیانەی هۆکاری برسیەتی خەڵک بوون سوتێنران .

لەسەردەمی شۆڕشی ڕووسیادا هەلومەرجێکی هاوشێوەی باشووری کوردستان هاتەپێش، کەزۆربەی ئەفسەروسوپای ڕووسیا ئامادەنەبوون تەقە لەخەڵکی نارازی وراپەڕیو بکەن پۆل پۆل دەهاتنە ناوڕیزی خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکانی خەڵکەوە. لەباشووری کوردستانیش زۆربەی ئەفسەر و پێشمەرگەکان ئامادە نین تەقە لەخۆپیشاندەران بکەن، تەنانەت هەڵوێستی توندیشیان هەیە بەرانبەر گەندەڵکاران، لەبەرەی جەماوەرن، بەڵام بەداخەوە هێزێکی پێشڕەو و پێشەنگ بوونی نییە لەباشووری کوردستان کە بتوانێ ئەم وزەیەی نارەزایەتی خەڵک بگۆڕێت بۆ شۆڕش. لە ڕووسیا سەربازان و ئەفسەران فەرمانی تەقەیان پێبوو، بەڵام تەقەیان نەکرد، بەلشەڤییەکان لە هەلومەرجەکە تێگەیشتن، باشترین کات بۆ هەڵگەڕاندنەوەی حکومەت ئەو کاتەیە کە ئەفسەر و سەربازەکانیشی بەقسەی ناکەن و لێی یاخی دەبن .

لەقۆناغی ئێستای باشووری کوردستان بەشێکی زۆر لەهێزەکانی پێشمەرگە و پۆلیس و ئاسایش زۆر بێزارو نارازین لەم سیستەمە چەوسێنەرەی باشووری کوردستان لەبەرئەوەی ئەوانیش هەروەک فەرمانبەران مووچەکانیان کەمە و هەست بەئازارەکانی خەڵکی نارازی دەکەن، بەزۆر دەیان بەن بۆناو شاروشارۆچکەکانی باشووری کوردستان. بەچەندین پێشمەرگەو پۆلیس وئاسایش نامەی نووسراو بڵاودەکاتەوە، دەڵێ ئەگەرچی بەزۆر هێندراوم بەڵام تەقە لەخەڵک ناکەم، ئەمە جێگای دەستخۆشی ودڵخۆشییە. کێشەکە ئەوەیە هیچ هێزێکی پێشڕەو و پێشەنگ کە سیکۆلارو ئازادیخوازبێت کە ڕابەرایەتی خۆپیشاندان ونارەزایەتیەکانی خەڵکی بکات زۆر بەداخەوە بوونی نییە. ئەگەر لەهەندێک شوێن وشار هەشبێت بەلاوازی وبێ کاریگەری هەیە. پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە پێویستی بەهاوکاری و هەماهەنگی سەرجەم مرۆڤە کۆمۆنیست وئازادیخوازو یەکسانیخوازو چەپ وپێشکەتنخوازانی کوردستانە.

لە باشووری کوردستان بەدرێژایی ٢٦ساڵە حیزبەکانی یەکێتی وپارتی وئیسلامییەکان وحیزبە سێبەرەکانیان ویستوویانە ئەم جۆرە سیستەمە چەوسێنەرە درێژەپێ بدەن، هەر کەسێک ولایەنێکیش نارازی بوو شوین بزریان کردو تیرۆریان کرد. ئەگەر لەساڵانی ڕابردو گوێیان لەخەڵکی نارازی بگرتایە، بەکردار چاکسازیان دەکرد لەدەسەڵات وسیستەم، بەڵام لەپێناوی پاراستنی بەرژەوەندی حیزبی وبنەماڵەیی و خێڵایەتیان نەچاکسازیان کردو نەدژی گەندەڵی وەستانەوە، بەڵام خەڵکی باشووری کوردستان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ووشیارتر بۆوە دەنگی نارەزایەتیەکانی بەهێزتر کرد.

لەسەردەمی ئێستادا زۆر زۆر بەداخەوە خەڵکی نارازی لەگەڵ هاتنە سەرشەقامەکانی لەشاروشارۆچکەکانی کوردستان بەشێکی زۆر لەگەنجان و لاوانی باشووری کوردستان بوونە قوربانی وگیانیان لەدەستدا، بەشێکی زۆریش برینداربوون. لەکاتێکدا سەرەخۆشی خۆم ئاراستەی سەرجەم قوربانییەکان دەکەم وهیوای زوو چاک بوونەوەش بۆسەرجەم بریندارەکانیش دەخوازم. لەگەڵ ئەوەی پشتیوانی خۆم لەسەرجەم خواست وداواکاری یە مەدەنی و شارەستانییەکانی خەڵکی باشووری کوردستان دەکەم. لەهەمان کاتیشدا هەروەک (گیڤارا گوتویەتی;من لایەنگری چینەکەمم، چینی هەژاران. ئەوانەی کراسێک بەسەر لەشیانەوە نییە، ئەوانەن جیهان ڕزگاردەکەن، سەرۆک کرێکارێکە لەبەرگێکی پۆشتەدا، نەک دەسەڵاتدارێکی خوێڕی لەکۆشک و تەلارێکی ڕازاوەدا.)

ریسوایی وشەرمەزاری بۆئەوحیزبانەی کەدەیانەوێت بەسەرکوت و ئیستبدادی زۆر وبەداخستنی کەناڵی) N R T)ودەست بەسەرداگرتنی ڕۆژنامەنووسەکانی و بەدەستگیرکردنی چالاکوانانی مەدەنی وسیاسی و سەدان هاوڵاتی بێتاوان، تەنها لەبەرئەوەی لەدژی دزی وگەندەڵی وفەسادی وبەفیرۆدانی سەروەت وسامانی ژێرزەوی وسەرزەوی باشووری کوردستان هاتونەتە مەیدانی تێکۆشانی مەدەنی وشارەستانی، بەڵام پارێزەرانی دەسەڵات بەهێنانی هێزێکی زۆر بەچەکی قورس بۆ ناوشارەکان ئەیانەوێت ئەوجۆرەسیستەمە چەوسێنەرو نادادپەروەر وگەندەڵکارو دزەبپارێزن، ڕێگە بگرن لەهەرجۆرە گۆڕانکارێک لەسیستەمی حکومڕانی کە لەبەرژەوەندی خەڵکی باشووری کوردستان بەگشتی دابیت. بەدڵنیایەوە ئەمەنیشانەو ئاماژەی کۆتایی ئەم دەسەڵاتە فاسیدو ستەمکارەیە، ئەو هێزەی دوێنێ بەرپرسە فاسیدەکان بە تەسلیمکردنی کەرکوک و خورماتو شکۆیان شکێندارا، ئەمڕۆ دیسانەوە بەهێنانیان بۆناو شارەکان هێندەی دیکە ناشرین دەکرێن، ڕیسواو شەرمەزاردەبن لەلایەن خەڵکی باشووری کوردستانەوە. داواکارم لەم هێزە چەکدارانە وشیاربن نەبنە قەڵغان بۆ بەرپرسە دزەکان، خەڵکی برسی و بێکار سەرکوت نەکەن و بەئەرکی مێژووی خۆیان هەستن و ویژدانیان ئاسودە بکەن.

پێویستە بەزووترین کات سەرجەم ڕفێندراون ودەستگیرکراوان بەهەربیانویێکەوە بێت ئازاد بکرێن، سەرکەوت و ڕابون و شاسوار و ئەو دەیان گەنجەی دیکە کە دەستگیرکراون لەسەرجەم شارەکانی کوردستان هیچ مەترسی نین بۆ سەر کوردستان، دەبێت ئازادبکرێن. ئەوە لایەنی بەرپرسانی باڵای دزو مافیاکانن مەترسین بۆسەرتەواوی کۆمەڵگەی باشووری کوردستان کە درێژەدەدەن بەدزی وتاڵانییەکانیان هەتا ئەو جۆرەسیستەم ودەسەڵاتە خێڵەکی وحیزبی یە بمێنێت.

هەنگاو بەهەنگاو قۆناغەکانی نارەزایەتی وخۆپیشاندانەکان گۆڕانی بەسەردادێت ئەگەرچی بەهۆی نەبوون ونەهاتنە کایەوەی ڕابەرایەتیەکی دڵسۆزو پڕکاریگەر سەر بەو جەماوەرە زۆرە نارازییە، هێشتا چاوەڕێ دەکرێت لەلایەن بەرەی بۆرژوازی تالانچی نوێوە زاڵ ببن بەسەر ئاراستەی شەپۆلی نارەزایەتیە نوێیەکاندا. لەگەڵ ئەوەیشدا هێشتا لەگەڵ هەر هاتنە مەیدانێکی نوێی جەماوەریدا ئەزمونی زیاتری چینایەتی ئاشنا دەبن. ئەبێ ئەو ڕاستی باشتر بۆخەڵکی نارازی ڕوون بکرێتەوە کە نەمەلاکانی ئایینی و نەنوێنەرانی حیزبەکانی بەناو ئۆپۆزیسیۆنەکان لەچەشنی (ئیسلامی یەکان وبزووتنەوەی گۆڕان ) دەتوانن ڕابەرایەتێکی دڵسۆزبن بۆداواکارییەکانی خەڵکی نارازی و خۆپیشاندەری شارەکانی کوردستان، لەبەرئەوەی ئەوحیزبانە بەپێی بەرژەوەندی خۆیان نەک بەرژەوەندی خەڵکی هەژارو نارازی خۆیان هەنگاو دەنێن هەروەک بینیمان لە١٧ی شوباتی ساڵانی ڕابردوو چۆن بەسەر پشتی خەڵکی خۆپیشاندەرو نارازی دا سەرکەوتن بۆ بوونە ئەندام پەرلەمان و وەزیر. ماوەیەک ئۆپۆزیسیۆن, ماوەیەک لەناوحکومەت ودەسەڵات، چۆن بەرژەوەندییان هەبێت هەروەک حیزبەکانی دەسەڵات هەنگاو دەنێن بەکورتی و بەکوردی هەروەک کەری ناوجۆگا وان ئەیانەوێت لەهەردوو لابخۆن هەم پۆست وپارەی دەسەڵاتیان هەبێت هەمیش دڵی خەڵکی نارازی بۆخۆیان کێش بکەن بۆ کاتی دەنگدان و هەڵبژاردنەکان.

کۆمەڵی ئیسلامی وبزووتنەوەی گۆڕان لە٢٠-١٢-٢٠١٧ کشانەوەی خۆیان لەحکومەت ڕاگەیاند دڵنییام لەبەیانی و یان چەند ڕۆژیی تر یەکگرتوویی ئیسلامیش کشانەوەی خۆی لەحکومەت ڕادەگەیەنێت، خۆیان دەکەن بەئۆپۆزیسیۆن ودەمراستی خەڵکی نارازی وخۆپیشاندەر.

چەندین ساڵە هەربەم جۆرە سیاسەت دەکەن و دەڵێن دەسەڵات وحکومەت دزو گەندەڵە کە هەڵبژاردن کرا بەهەمان جۆر سیستەمی خێڵایەتی حیزبی (بەش بەشێنە) دەچنەوە ناوحکومەت وپەرلەمان درێژە بەهەڵسوڕانیان دەدەن. خەڵکی باشووری کوردستان پێویستە دوور لەکاریگەری ئەم جۆرە بەناو ئۆپۆزیسیۆنانە درێژە بەتێکۆشانی مەدەنی وشارستانی خۆیی بدات وداوای گۆڕینی سیستەمی خێڵایەتی حیزبی بکات، هەنگاوبنێت بەیەکگرتوانەی جەماوەری بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی شارستانی و مەدەنی وئازاد و دوور لەچەوسانەوەو کۆیلایەتی و نابەرابەری. دەنا بەپێچەوانەوە خەڵکی نارازی وخۆپیشاندەر داهاتوی خۆیی تەسلیمی ئەم بەناو ئۆپۆزیسیۆنانە بکات ئەم نارەزایەتی وخۆپیشاندانانەی ڕۆژانی قۆناغی ئێستا هەروەک ١٧ی شوباتی ساڵانی ڕابردوویی لێدێتەوە. ئەمانە بەسەرپشتی خەڵکی نارازی وهەژاروخۆپیشاندەر سەردەکەون.

باشترین بژاردەو چارەسەر بۆسەرکەوتن گەیاندن و بەدیهێنانی ئامانج وخواستەکانی خەڵکی نارازی بەسیستەمی ئەمرۆیی چەوسێنەرو گەندەڵکار ئەوەیە خەڵکی شارو شارۆچکەکان دوور لەتوندوتیژی درێژە بەخۆپیشاندان ونارەزایەتیەکانی خۆیان بدەن، خەڵکی شاروشارۆچکەکان خۆیان ئەنجومەنی شورایی خەڵک دابمەزرێنن ولەڕوویی ئیدارییەوە دەسەڵاتی خۆیان جێگیر بکەن وشورای وگەرەک وشارەکان دابمەزرێنن وسیستەمێکی باشتر جێگیر بکەن و هەرخۆشیان بەرگری لێ بکەن و بیپارێزن لەتەدەخولکردنی دوژمنان وداگیرکەرانی ناوچەکە (کە دەوڵەتانی ئێران وعێراق وتورکیا لەدەرفەتێک دەگەڕێن دژایەتی زیاتری خەڵکی کوردستان بکەن). ئەم بارودۆخەی ئێستا کەهاتۆتە پێش ناکرێت وناگونجێت بەبێ ڕێکخستنی جەماوەرو دانانی میکانیزمێکی شارستانی ومەدەنی بۆ ئێستاو قۆناغەکانی داهاتوو بڵێین ئامانج وداواکارییەکان بەدەست دێت وخەڵکی باشووری کوردستان دەچێتە قۆناغێکی باشتر لەئەمرۆ.

ئەوانەی قسەو دروشم دەڵێنەوە لەناو خۆپیشاندەراندا پێویستە بەجۆرێک بێت کەخزمەت وسوود بگەیەنێت بەسەرکەوتن گەیاندنی خواست و نارەزایەتییەکانی خەڵکی خۆپیشاندەر کەچەندەها قوربانیان لەپێناوی گۆڕینی ئەم سیستەمە چەوسێنەرە داوە. لەبەرژەوەندی خەڵکی باشووری کوردستاندا نییە کە هیچ خۆش خەیاڵێک بەبەڵێن وپەیمانەکانی دەوڵەتی عێراق ببەسترێت هەروەک حکومەتی هەرێمی باشووری کوردستان. خەڵک لەژێرسایەی دەوڵەت وسیستەمی ئیسلامی عێراقدا بارودۆخی گوزەرانیان لەخەڵکی باشووری کوردستان باشتر نییە بەڵکو زۆر خراپتریشە. لەدوایی ساڵی ٢٠٠٣ چەندین گەرەکی هەژارنیشن دروست بوون کەخانەوادەکانیان

بۆ لاپەرە ٩

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# بۆ نارەزایەتیەکان بە سەرکەوتن ناگات؟

نووسینی: رۆژ عەزیز



رەنگە بۆ هەمووومان پرسیار بێت کە بۆ نارەزایەتیەکان بەسەرکەوتن ناگات, لەکاتێکدا نارەزایەتی و تورەی خەڵک قوڵپ دەدات. بەبروای من رۆشنە کە ئەڵتەرناتیڤ نییە، رابەرایەتی ئەم خۆپیشاندانانە کەمتر دەردەکەون، خەڵکی نارازی رێکخراو نین لەدەوی ئاسۆ و بەدیل کۆنەکراونەتەوە، هەر بۆیە چەند ساڵ یان مانگ یان هەفتە ناو بەناو ئەم نارەزایەتیانە سەرهەڵدەەنەوە و زوو کۆتایی دێت خەفە دەکرێت. بیرمانە ١٧ی شوباتی ٢٠١١ کە چۆن خۆشباوەری بە بزوتنەوەی گۆران دروست بوو خەڵک پێیان وابوو ئیتر گۆران بەدیلە، بەڵام دەرکەوت ئەمانە نەک بەدیل نەبوون بگرە بۆ شەریکە دەسەڵات وایان دەکرد تا شتێکی زیاتریان پێ بدەن بەم هۆیەوە سواری شەپۆلی نارەزایەتی خەڵک بوون و مەیدانی نارەزایەتیەکانیان کردە شوێنی نوێژکردن و دواکەوتویی وکۆنەپەرستی، شیعاری دوور لە خواستی خەڵکیان بەرز کردەوە .

ئەم جارە بزونتەوەی گۆران نەیتوانی بێتەوە نێو جەماوەری نارازی و متمانەی خەڵک بەم بزوتنەوەیە لاواز بوو بۆیە ئەم جارە جوڵانەوەی نەوەی نوێ کە شاسوار عەبدولواحید رابەرایەتی دەکرد ئەوان هاتنە مەیدانەوەو تا رادەیەک سواری شەپۆلی نارەزایەتی خەڵک بوون و خۆیان کردە فریادرەس بەس چونکە بەدیلی ئەوان نا رۆشن بوو ئەنتەرناتیفی ئەوانیش لاواز بوو، جێگەی ئومێدی خەڵک نەبوو، بۆیە ئەوانیش لەپاشەکشەدا بوون وەک هێز، چونکە ئەوان بەئاشکرا داوایان لەعەبادی دەکرد کە بێتەوە کوردستانیان بۆ باش بکات وکۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکات، لەکاتێکدا عەبادی سوپاکەی زۆر لە سەرانی کورد سەرکوتگەرترو خوێنرێژترن. نمونەکەشی دیارە لەسەر دەنگدان بۆ جیابونەوە کە خەڵکی رەئی خۆیدا لەسەر پارچە کاغەزێک بەزەبری سوپاو هێرشی وەحشیانەی حەشدی شەعبی و سوپا زەبەلاحەکەی هێرشی هێنایە سەر کەرکوک و خورماتوو تاوەکو ئیستاش بەدەیان هەزار کەسی لەو شارانە ئاوارەو دەربەدرکردوە و ماڵ وحاڵیان تاڵان دەکەن و خانوەکانیان دەسوتێنن، کەچی جوڵانەوەی نەوەی نوێ ئەمرۆ بەنیازە داوا لەم حکومەتە وەحشیە بکات تا رزگاریان بکات لەدەستی سەرانی یەکێتی وپارتی. ئاخر لێکدانەوەو تەرحی لەم جۆرە چۆن دەتوانێت ببێتە رابەرایەتی جەماوەر کە دەزانم ئەمانە سەربەهەمان بزوتنەوەی ناسیونالیستی کوردین و خودی شاسوار عەبدولواحید سەرمایەدارێکی نا سیاسیەو لەسەر خوێنی خەڵک سەرمایەی کۆکردۆتەوە، کەچی بەداخەوە کۆمەڵێک بەدوا ئەم کابرایە کەوتن و دەڵێن شاسوار عەبدولواحید لەگەڵ فەقیرو هەژاراندایە.

هەرچی بزوتنەوەی گۆرانیشە خەریکی خۆ خزانە نێو ئەم حەرەکەتە نارازیەیە، بەڵام ناتوانێت هیچ بەهیچ بکات و لەگەڵ نەوەی نوێ خەریکی بانگێشتکردنەوەی عەبادین بۆ چارەسەری ئاڵۆزییەکانی کوردستان و ئەوان خوازیارن تەنها عەبادی موچە بنێرێت، ئیتر باکیان بە مەسەلەی دیکەو کێشەکانی دیکەی خەڵک نییە لەکوردستانی عێراق. ئەم جارە نارەزایەتیەکان هێندە تورەبوونیان پێوە دیارە خەڵک کەوتۆتە سوتاندنی بنکەو بارەگای حیزبەکان و تەنها خوازیاری روخاندن ولابردنی دەسەڵاتە، بەڵام هیشتا مەعلوم نییە بەکوێ دەگات هەرچەندە پێ دەچێت وەک هەمان سیناریۆو لێکچوونی رووداوی ١٧ی شوباتی ٢٠١١بێت، لەئێستاوە خەریکە کپ دەکرێتەوەو دەزگا سەرکوتگەرەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان وپارتی دیموکراتی کوردستان کەوتونەتە سەرکوتکردن وراوەدونان و رفاندنی کەسانی ناسراوی نێو خۆپیشاندانەکان، بەتایبەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەعس ئاسا هێزی هێناوەتە ناو شارەکان وشارەکانی بە میلیتاریزە کردوەو کەناڵی ئێن ئار تی داخستووەو کارمەندو پەیامنێرەکانی ئەم کەناڵەی خستۆتە زیندانەوە.

هەموو ئەم سەرکوتگەریانەو ئەم هەڵچونە جەماوەرییە تورەیەش کارێکی کردوە خۆپیشاندان کپ بکرێتەوە و رق وتورەی خەڵکی نارازیش هێندە بێ بەرنامەو بێ ئەنتەرناتیفەو بێ رابەرە کە وای کردوەو فرسەتێکی داوە بە سەرکوتگەریەکانی دەسەڵات کە خۆپیشاندانەکان سەرکوت بکات، چونکە هەمیشە دەسەڵات خوازیاری توندوتیژیە تا بەهانەی هەبێت بۆ سەرکوتکردن. ئەوە راستە خۆپیشاندانی ئەم جارەو ١٧ی شوبات جیاوازن، رۆشنە ١٧ی شوباتی ٢٠١١ خەڵک رێکخراوتر بوون رابەرانی خۆپیشاندانەکان لەحیزب و بزوتنەوەی جیاواز پێک هاتبوون خواست وداواکاریان هەبوو لە دەسەڵات بگرە جارو باریش شیعاری روخانی دەسەڵاتیان دەدا، بەڵام ئەم جارە جیاوازتر بوو خەڵک بێ رابەرو بێ ئەوەی بزانێت چی دەکات داواکاری چییە شیعاری چییە هاتە سەر شەقامەکان و تورەی خۆی دەربری لەدژی دەسەڵاتی تاڵانچی کوردستان، بەڵام چونکە ئەم جارەش هیچ بزوتنەوەیەکی سیاسی بەهێز نەبوو رێکخراو نەبوون خەڵکانی خەباتکارو ئازادیخوازو چەپ کۆمۆنیست لەم نێوەدا دەورو نەخشی پێشرەوی ئەوتۆیان نەبوو بێگومان خەریکە کۆتایی بە خۆپیشاندند یت.

بەبروای من ئازادیخوازان وچەپ کۆمۆنیست هەبوون دەرکەوتن لەنێو خۆپیشاندەران بەڵام هێندە رق و کینەی دژە حیزب لەنێو خۆپیشاندەراندا دیار بوو ئەوانیش نەیانتوانی بێنە نیو خۆپیشاندەرانەوە، چونکە ئاڵۆزی نێو خۆپیشاندەران بەجێگەیەک گەیشتبوو کەس بەکەس بوو زیاتر مەترسیەکان بۆسەر بەرەی ئازادیخوازی وکۆمۆنیستەکان هەبوون، چونکە سەیرکردنی هەر هێزو حیزبێک لەچاوی یەکێتی وپارتی خودی بزوتنەوەی گۆرانەوە سەیر دەکرا، چونکە دەسەڵات سیاسەتی رپاکارانەی بزوتنەوەی گۆران وخودی دەسەڵاتی یەکێتی پارتی وای کردوە خەڵک هیج ئومێدێکی بەحیزب و بزوتنەوەی سیاسی نەبێت هەر بۆیە خۆپیشاندەرانی ئەم جارە بێ بەرنامەیی پێوە دیار بوو، بۆیە خەریکە ئاکامی ئەم خۆپیشاندانەش وەک ١٧ی شوباتی بەسەر دێت و رق وکینەی پەنگخواردوی جەماوەر بەم سوتاندنی بارەگاو بەم هاتنە مەیدانەی چەند رۆژە سارد بوونەوە تا رق و کینەیەکی دیکە دەچنەوە ماڵ. بەبروای من هەموو ئەم هۆکاری دامرکانەوەیە ئەوەیە خەڵک تورەیە لە حیزب و بزوتنەوەی سیاسی و وە هێزێکی تۆکمەو رابەرایەتیەکی بەهێز نییە تا بێتە مەیدان کە ئومێد بەخش بێت بۆ ئایندەی دوای نەمانی دەسەڵاتی کوردی.

نمونەی ١٧ی شوباتی ٢٠١١ و خۆپیشاندانەکانی ئەم چەند رۆژەی رابوردو دەرخەری ئەوەن کە خەڵک رابەرایەتی خۆپیشاندانەکە ناکات و نوێنەرانی گەرەک و شارو شارۆچکەو شوێنی کاریان دانەمەزراندوە، شورایان پێک نەهێناوە بۆیە سەرەنجام ئەم خۆپیشاندانەش وەک بۆ خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوباتی لێ هات. ئەم کۆمۆنیستەکان هەمیشە هاواریانە کە داوا لەخەڵک دەکەن خۆیان رێکخراو بکەن شورای گەرەک و شوێنی کار لە شارو شارۆچکەکانیان دیار بکەن هەڵیان بژێرن و لەخۆپیشاندانەکاندا دەورو نەخشتان هەبێت، داوا لەخەڵک دەکەن یەک دەنگ و یەک دەست لەسەراسەری کوردستاندا وەرنە مەیدان و داوایان لەخەڵک کرد تەنها رێگای رزگاربوون لە سەرانی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردی رێکخراو بوونە، بەڵام بەداخەوە خەڵک گوێ بەم قسانە نادەن و خەڵک دابەش بووە بەسەر لایەنەکان و بزوتنەوە سیاسیەکاندا بۆیە یەک گوتارو یەک دەنگ نین و بگرە ئەمانە زۆربەشیان شەریکە دەسەڵاتن و پاشۆکی حیزبەکانن و زۆر جاریش چوونە نێو ریزی خەڵکی نارازیەوە تەنها بۆ مەرامی سیاسی خۆیان و بگرە خۆپیشاندانەکانیش بەلارێدا دەبەن.

ئێستا خۆپیشاندەران چونە ماڵ و خۆپیشاندان وتورەیی خەڵک کۆتاییهات تا کاتێکی دیاری نەکراو سەرانی خودی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش بەزەبری چەک و هێز سەرجەم نارەزایەتیەکانیان کپ کردوە سەرکوتیان کردن، بەسەدان کەس لە خەڵکی نارازی لەزیندانەکانن، کە دەبێت خەڵکی کوردستان لەئاست ئەم زیندانیکردن ورفاندن و سەرکوتکردنەدا بێ دەنگ نەبێت بەهێزی لەبن نەهاتووی خۆیان یەخەی دەسەڵات بگرن تا گیراوەکان ئازاد بکات رفێنەران چارەنوسیان دیار بێت، میلیشیاکان وهێزە چەکدارەکان لەشارەکان بچنەدەرو دەست لە سەرکوت و پێشێلکردنی ئازادی هەڵبگرن. ئەوە مەعلومە بەزەبری چەک ئەمجارەش دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی خۆپیشاندەرانیان سەرکوت کرد، بەڵام خەڵکی کوردستان کە دەستیان گیراوە نارەزایەتیەکان کۆتاییان دێت بەشێکی هۆکاری ئەوەیە ئەگەر ئەم دوو دەسەڵاتە لابەرن، کێ بەدیلە کێ هێزە؟ دوای ئەوان، بێگومان نییە هەر بۆیە هۆکارەکەشی ئەوەیە و خەڵک لەچاوەروانی بەدیلێکی بەهێزو شۆرشگێرە کە بتوانێت ئەم دوو دەسەڵاتە لەسەر کورسی دەسەڵات بهێنێتە خوارو چیتر دەسەڵاتی تاڵانکاری سەرکوتگەر حوکمی ئەم کۆمەڵگەیە نەکات.

خەڵکی نارازی کە تورەن بارەگا دەسوتێنن هەقیانە چونکە ٢٦ساڵە ئەمانە ئەم کۆمەڵگایان کاول کردوە ناعەدالەتی تاڵانکاری دزی بەجێگەیەک گەیشتووە ئیتر خەڵکی بەشمەینەت تەحەمولی نەماوە، بێ موچەی و بێ کاری نەبوونی سەرەتایترین شت کە ئاو و کارەبایە بۆ خەڵک دابین نەکراوە بۆیە خەڵک ناهەقی نییە کە تورەیە هەرکەسیش ئەم تورە بوونەی خەڵک ئیدانە بکات ئەوە لەریزی بەرەی دەسەڵاتە. ناسیونالیستەکانی کورد بەتایبەتی خودی پەکەکە ترسنۆکانە و

بۆ لاپەرە ٩

## درێژەی... کشانەوەی ئۆپۆرتیستانەو فریوکارانەی گۆڕان و کۆمەڵ لە حکومەت...

وەکو ڕێگای دەرچون لە بنبەستی ئێستا خراونەتەڕوو، تا سەرمۆخ کۆنەپەرستانە و فریوکارانەن. ئایندەیەکی باشتر بۆ خەڵکی کوردستان بە پێچەوانەی ئەوەی گۆڕان و کۆمەڵ باسی دەکەن، بریتیە لە؛ یەکەم/ کۆتایهێنانی یەکجاری بە دەسەڵاتی میلیشیایی ئەحزابی بۆرژوازی ناسیۆنالسیتی و ئیسلامی کورد بە گۆڕان و کۆمەڵیشەوە، دووەم/ لە جیاتی بەندوبەست لەگەڵ عەبادی و دەسەڵاتدارانی بەغدا وسوڕانەوە لە بازنەی دەستوری ریسوا و فیدراڵیزمی قەومی و ژێرپێنانی بڕیار و ئیرادەی خەڵکی کوردستان، پێداگریە لەسەر پیادەکردنی بڕیاری ڕیفراندۆم و دابڕانی یەکجاری لە حکومەتی ناوەندی کە دەیەوێ بە زەبری چەک و کۆکوژی، خەڵکی کوردستان ناچار بە ئیلحاقی ئیجباری بکات. هەروەها پێداگریە لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی پێشکەوتوانەی غەیرە قەومی و غەیرە دینی پشتبەستوو بە ئیرادەی راستەوخۆی خەڵک. سێیەم/ دەسەڵاتی ئایندەی کوردستان دەبێ دەسەڵاتی خەڵک بێت لە ڕێگای شورا و ئەنجومەن و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش و ژنان و لاوان و ئازادیخوازان، کە بتوانێ بە داهاتی زۆروزەبەندی کوردستان و گێڕانەوەی داهاتە بە تاڵانبراوەکان، گوزەرانێکی تێروتەسەل و خزمەتگوزاریەکی سەردەمیانە و بیمە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان و ئازادیەکی بەرفراوان و بێ قەیدوبەند بۆ هەموان دابین بکات. ئەمەش لە گرەوی هاتنەمەیدانی بزووتنەوەیەکی جەماوەری سیاسی فراوان و سەربەخۆیە لە حزب و بزووتنەوە بۆرژوازیە ناسیۆنالیستی و ئیسلامیەکان کە ٢٦ ساڵە ئیمتحانی خۆیانداوە و لە هەموو بوارێکدا شکست و ناکامی خۆیان دەیانجار سەلماندوە.

## درێژەی....بڕوخێ سیستەمی شەق وەشێن ومافیاودزەکان...

لەکەلاوە دەچێت لەسەرەتایترین پێداویستی خزمەتگوزرای بێ بەشکراون. ساڵ لەدوایی ساڵ ڕێژەی گەشەی بێکاری وهەژاری زیاد دەکات لەژێرسایەی سیستەمی دەوڵەتی ئیسلامی عێراقدا. بەمانایەکی تر پێویستە خەڵکی خۆپیشاندەرو ناڕازی تەنها پشت بەخۆیان وبەرەی ئازادیخوازان ویەکسانیخوازانی باشووری کوردستان ببەستن.

بەپێچەوانەوە ئەگەر بگوترێت چۆن هاتووە با وابڕوات، هەرچی دەگوترێت ودەکرێت با بکرێت وتوندوتیژی وکوشتن دەبێ بابێ ئەوا بەدڵنیاییەوە ئایندەی باشووری کوردستان لەئێستاو لەساڵانی ڕابردوو زۆرخراپتر دەبێت دوژمنان وداگیرکەران وگەندەڵکاران ومافیاکانی ناودەسەلات زۆر باشتر بارودۆخیان بۆ لەبار... دەبێت هەتاوەکو بەئارەزویی خۆیان خەڵکی باشووری کوردستان کۆیلەو چەوساوەو سەرکوت بکەن. گۆڕینی کەسەکان لەناودەسەلات گرینگ نییە، گرینگ گۆڕینی سیستەمی چەوسێنەرو نابەرابەرو دزو گەندەڵکارە بەسیستەمێکی سیکۆلارو شارستانی وئازاد ودوور لەچەوسانەوە. هەربۆیە پێویستە لەیەکەم هەنگاو بۆ داهاتوو خەڵک ئامادەسازی بکات بۆهێنانەدی کۆمەڵگایەکی باشترو ئازاد.

خەڵکی باشووری کوردستان ماوەی چەندین ساڵە بێ دەنگی شکاندووە لەئاست چەوسانەوەو نابەرابەری ودزی و گەندەڵی بەرپرسانی حیزبەکانی پارێزەری سیستەمی خێڵایەتی وبنەماڵەیی وحیزبی دا. ڕێپێوان وخۆپیشاندانی ساڵانی ڕابردوی چین و توێژە جیاوازەکانی مامۆستایان وخانەنیشینان وکرێکاران ودەستفرۆشان وژنان ولاوان سەرجەم بەشەکانی کۆمەڵگە، وجودی هەبووە. قوربانی زۆریش دراوە لەپێناوی بەدیهانانی ئامانج وداواکاری وماف وئازادییەکان. لە١٧ی شوباتی ڕابردوو چەندین قوربانی لێکەوتەوە بەچەندین هەڵسوڕاوی سیاسی ورۆژنامەنووس وچالاکوانی مەدەنی بەهۆی هەڵسوڕانیانەوە لەپێناوی بەدیهێنانی ئایندەیەکی باشتری خەڵکی باشووری کوردستان بوونەتە قوربانی و تیرۆرکراون.

لەساڵانی ڕابردوو چەندین حیزب سوودی زۆریان لەناڕەزایەتی وخۆپیشاندانەکانی خەڵک وەرگرت وئەندام پەرلەمان و وەزیریان چوونە ناوحکومەتەوە، بەڵام خەڵکی ناڕازی هەژارو کرێکارو فەرمانبەر هیچ سوودی نەبینی بەڵکو زۆر زیانی بەرکەوت لەبەرئەوەی موچەکەی کرایە نیوەمووچەو جادەو کۆڵان و گەرەک وشاروشارۆچکەو دێهاتەکانی بێ خزمەتگوزرای مانەوە.

ئەگەرئەم جارەش خەڵکی خۆپیشاندەرو ناڕازی شارو شارۆچکەکانی باشووری کوردستان لەساڵانی ڕابردوو ووشیارتر نەبێت بەرامبەر سەرجەم حیزبەکانی باشووری کوردستان ئەگەر وشیار نەبێت بەرامبەرحیزبەکانی دەسەڵاتدارو حیزبەکانی بەناو ئۆپۆزیسیۆنی دوێنێ کەتائێستاش وەزیرو ئەندام پەرلەمانەکانیان لەناوحکومەتدان کە ئێستا بەو حکومەتە خۆیان دەڵێن حکومەتی دزو گەندەڵکار. پێویستە خەڵک زۆر وشیاربێت بەرامبەرئەم حیزبانە کەخەڵکی کرێکارو هەژارو فەرمانبەر نەکەنە پرد بۆخۆیان بەسەری دا بۆدەسەڵات بپەڕنەوە.

ئەبێت خەڵکی ناڕازی وخۆپیشاندەر ئەوەندە وشیاربێت کەبتوانێت بەباشترین شێوەو جۆر هەنگاو بنێت بۆ کۆتایهێنانی شەق وەشێن ومافیا ودزو گەندەڵکاران وبەدیهێنانی ئامانج وخواستە ئینسانییەکانی. سازش لەسەر هیچ نەکات هەتاوەکو سەردەکەوێت ئەمەش پێویست دەکات کەسوود وەرگرن لەهەڵەو کەموکوڕییەکانی خۆپیشاندان وناڕەزایەتییەکانی ساڵانی ڕابردوو کە بۆچی و لەبەرچی سەرکەوتوو نەبووە وئامانج وخواستە ئینسانییەکان بەدی نەهاتوون.

لەناوئەنجومەن وشوراکانی خەڵکدا کە لەداهاتوودا پێویست دەکات دروست بکرێن، هەفتانەو مانگانە کۆبوونەوە وبەرنامەسازی خۆیان لەبواری کارگێری وئیداری خزمەتگوزرارییەکان بەڕیوەبچێت. بەمەش خەڵک خۆیی دەتوانێت دوور لەدزی وگەندەڵی بەجۆرێکی مەدەنی وشارستانی هەنگاو بۆداهاتوو بنێت وخۆشی بەشداربێت لەدەسەڵات. ئەبێت ئەوە بزاندرێت بەبێ ڕێکخرابوون وڕێکخستنی خۆپیشاندانەکان بەشێوازێکی شارستانی ومەدەنی هیچ جۆرە ئامانج وخواست ومافێکی ئینسانی بەدی نایە، تەنها ژمارەی قوربانییەکان بۆئایندە زیاد دەکرێت کەئەمەش جارێکی تر خەڵکی ناڕازی وچەوساوە بەرەو بێ ئومێدی زیاتردەبات. هەربۆیە پێویستە سەرجەم ئازادیخوازان ویەکسانیخوازان وچەپ وکۆمۆنیستەکان باشتر لەساڵانی ڕابردوو بەهاوکاری یەکتری وپشتیوانی خۆپیشاندانەکان بن وڕابەرایەتی خۆپیشاندان وناڕەزایەتییەکان بکەن بۆئەوەی سەرجەم ناڕەزایەتی وخۆپیشاندانەکان بەرەو ئاراستەو داهاتویەکی باشترو شارستانی ومەدەنی وملبنێ وسەرجەم خواست ومافە مەدەنی وشارستانییەکان بەدی بهێندرێت.

## درێژەی... دوا وتە

خۆجییدا، ماونەتەوە. هەر ئێستا دەسەڵاتی ئیداری پاریزگای سلێمانی کە بەرپرسی ئەمنی پاریزگاشە، لەدەستی هەڤاڵ ئەبوبەکری گۆراندایە. کە هەفتەیەکە لە ژێر سایەی دەسەڵاتی ئەم تەکنۆکراتە ئیسلامییەی گۆراندا، خۆپێشاندران دەدرێنە بەر دەستریژی گوللە و چەند کەس گیانیان بەخت کردووە، بەسەدان کەس بریندارن، بە سەدان کەس لە هەلسوراوانی سیاسی و خۆپیشاندر و نەیاری دەسەڵات، رفێنراون و دەست بەسەرکراون و خراونەتە کونجی زیندانەکان. چەند کەناڵی میدیایی داخراون، چەندین رۆژنامەنووس سوکایەتیان پێکراوە، زوربەی شارو شارۆچکەکان، کراونەتە سەربازگەی و میلیتاریزە کراون، بکوژی خۆپیشاندەران ئازادن.

خەڵکی کوردستان و ئازادیخوازان، نابێ هیچ خۆشخەیاڵیەکیان بەو دوو هێزە هەبێت...

ئەوان بۆیە لە حکومەت کشاونەتەوە، دەزانن حکومەتێک بوونی نەبووە و ئامانجیشیان خۆ خزاندانە ناو جەماوەری تورەیە بۆ بەلارێدابردنی و کردنی بەدەستمایەی سات و سەودای سبەی و دەسگیربوونیان لەدەسەڵاتی زۆرتری داهاتووی بزوتنەوەی میلیشیایی بزوتنەوەی کوردایەتی، هاوکات بانگەشەیەکی پێش وەختە بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، وە سەرئەنجامیش هەوڵیکە بۆ رزگارکردنی دەسەڵات لەدەست تورەیی جەماوەری، بەڵام جەماوەر دەستیان بە راسان کردووە، دژی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی و کۆمەڵ و گۆرانیش، ناتوانن خۆیان لە تورەیی جەماوەری دوربخەنەوە.


## درێژەی...بۆ ناڕەزایەتیەکان بە سەرکەوتن ناگات؟

ڕیاکارانە قسە لەسەر خۆپیشاندانەکان دەکەن و ئیدانەی سەرکوتگەری و خوێن ڕشتنی دەسەڵاتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ناکەن، چونکە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش هێزێکی ناسیونالیستە. ئەوەی دەگەڕێتەوە بە بزوتنەوەی گۆڕان وکۆمەڵی ئیسلامی کە فریا نەکەوتن یاخود خەڵک متمانەی پێیان نەما بۆیە پەلەقاژەی ئەوان وهاتنەدەریان لە بەناو حکومەت هیچ سودێکی نەبوو، بگرە لە دەسەڵاتیش بوون لەبەرەی خۆپیشاندەریش، کە من دڵنیام سبەینێ... دیوەخانی حکومەتی پارتی و یەکێتی گەرم دەکەنەوە، ئەمانە نە دوورو نزیک پەیوەندیان بە ژیان وگوزەرانی خەڵکەوە نییەو نوێنەرایەتی خەڵک ناکەن. جولانەوەی نەوەی نوێش هەر لەم جۆرە بابەتانەی کۆمەڵ و گۆڕانە لێکچونیان هاوڕایە بۆ گەڕانەوەی عەبادی بۆ کوردستان.

تەنها ڕێگای ڕزگاربوون لەم بارودۆخە ئەوەیە خەڵک ئەم جارە بەڕیزی یەکگرتوانەوە نوێنەرانی راستەقینەی خەڵک لە شارو شارۆچکەو گەرەک وشوێنی کاریان ناڕەزایەتی دەبڕن شوراکان پێکبهێنن. تەنها هێزی جەماوەرە دەتوانێت دەسەڵاتی سەرکوتگەری پارتی ویەکێتی کۆتایی پێبهێنێت و هەتا ئەم حەرەکەتە خۆی ڕێکخراو نەکات نوێنەرانی خەڵک نەیەنە، مەیدان و یەکگرتوانە نەبن دڵنیام دەیان خۆپیشاندانی دیکە ئەنجام بدرێت سەرکەوتو نابێت. ئەوانەی دەڵێن ئەم قسە تەقلیدیە باوی نەماوە کە دەڵێن خەڵک خۆی ڕێکخراو بکات، بێجگە لەبێ ئومیدی هیچی دیکە نییەو نمونەی نا ڕێکخراوەی نەبوونی ڕابەری خۆپیشاندانەکان دەرخەری ئەو ڕاستیەن کە هۆکاری بەشکست بوونی خۆپیشاندەران ناڕێکخراوبوونە وە هەم دەسەڵاتی سەرکوتگەری دەسەڵاتی میلیشیاییە بەزەبری چەک درێژە بەمانەوەی دەسەڵاتی خۆی دەدات.....

# وێنەکان دەدوێن





بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود
بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد
نوسەرانی ئەم ژمارەیە:
شوان عەزیز، عەبدوڵا مەحمود، عەبدولرحمن رەسوڵ، رۆژ عەزیز، نادر عبدالحمید، عومەر چاوشین، ڕێبوار ئەحمەد

ژمارە(19) تایبەت 25/12/2017

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

# ئاراستەی خۆپیشاندان.... نووسینی شوان عەزیز

**خۆپیشاندەران بە مانەوەیان لەبەردەرکی سەرا مێش نابێتە میوانی دەسەڵاتداران.**

لەسەرەتای نەوەتەکانەوە، بە دیاریکراوی لە تەجروبەی یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردوستانەوە تاکو ئەوەی ئێستای بەناوی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمەوە، خەڵک بۆی دەرکەوتووە هەر هەموویان کابینەی حکومی حیزبی بوون. ئەو کابینە یەک لەدوای یەکانە هەر هەموویان لە لایەن حیزبەوە سەرپەرشتی کراون و وە لەلایەن حیزبیشەوە فەرمانیان وەرگرتووە. بەهەمان شێوە پەڕلەمانەکەش هیچ شتێک نەبووە بێجگە لە دامەزراوەیەکی سیاسی کارتۆنی بۆ بە یاساییکردنی تەواوی جموجۆڵ و کارەکانی کابینە حکومییە یەک لەدوای یەکەکان.

لێرەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی کە خەڵک هیچ دەست و دەسەڵاتێکی لەبەڕێوەبردن و بڕیارداندا نەبووە لە کوردوستاندا. ئەوەی کە بڕیار بەدەست بووەو هەموو دامو دەزگا بەناو حکومی و پەڕلەمانیەکانی ئاراستە کردووە تەنها حیزب بووەو لە نێو حیزبیشدا مەکتەب سیاسی و لە نیو مەکتەب سیاسیسیشدا سەرۆک و بنەماڵە بووە. لەم دواییانەشدا ئیتر گروپ و کەس و تاقمیش لەنێو هەندێک حیزبدا دەرکەوتن کە هێندەی دیکە وڵاتیان بەرەو بێ دام و دەزگایی حکومی برد.

بۆیە ئەو دام و دەزگا حکومیانەی کە دەبینرێن لە شکڵی وەزارەت و پارێزگاو ناحیەو قائیمقامیەت هیچ کامیان توانای ئەوەیان نییە بە کرداری هیچ وەڵامێکی ئیجابی بدەنەوە بە خۆپیشاندەران. ئەوە ئەو دامو دەزگایانە نەبوون کە خەڵکی کوردوستانیان بەوڕۆژگارە گەیاندووە، بەڵکو ئەوە حیزبە هاوبەشەکانی نێو دەسەڵاتی کوردی بوون ، دیارە بە ڕێژەی جیاواز، کە سەبەبی ئەو نەهامەتیانەن کە بەسەر خەڵکی کوردوستان هاتوون وە هەر ئەوانیشن کە دەبێت خۆپیشاندەران ڕووی خۆیان بۆ ئاراستتە بکەن .

بە واتایەکی ترو زۆر بە سادەیی: مێژووی خۆپیشاندانەکان دەری خستووە کە ئەگەر بێت و بە دەیان هەزار کەس لەبەردەرکی سەرا بۆ سەدان ڕۆژ چادر و خێمە هەڵداو لەوێ بمێنێتەوەو قسەوباس بکات و هاوار بکات پڕبەدەنگی خۆیان، دڵنیابن دەسەڵات مێش میوانی نابێت وە ئەوان بەم شێوەیەیان دەوێت و ناوزەدیشی دەکەن بە خۆپیشاندانی هێمنانە.

دەسەڵات دەیەوێت خەڵک واتێبگات کە ئەوە حکومەتە بێتوانایەو گەندەڵەو دزەو ناتوانێت وەڵام بەداواکاری خەڵک بداتەوە. دەسەڵات دەیەوێت بە خەڵک بڵێت: بۆ ئاو، کارەبا، موچە ، ڕێگەوبان وە تەواوی خزمەتگوزاریەکانی تر فەرموو ئەوە حکومەتت هەیەو بچۆ داوا لە حکومەت بکە نەک لە حیزب. حیزب پێی خۆشە تۆ بچیت لە بەردەم دەزگای حکومی ڕابووەستی و داواکاریەکانت ئاراستەی ئەوان بکەی. حیزب دەیەوێت خۆپیشاندەران بچن بقیژێنن بەسەر بابای مودیر ناحیەو قائیمقام و پارێزگارو وەزیرەکاندا ، نەک بڕۆن هاوار بکەن بەسەر کۆمیتەو ناوچەو لق و مەڵبەند و مەکتەب سیاسی و سەرۆک حیزبەکاندا. بەڵام برادەرانی خۆپیشاندەر بە بۆچوونی من ئەم بۆچوونەی ئەوان لە کوردوستاندا دروست نییەو کوردوستان سیستەمی موئەسەساتی نییە. ئەوە دەکرێت لە وڵاتێکی ئەورووپی و ڕۆژئاواییدا خۆپیشاندەران ڕووبکەنە حکومەت . بەڵام لە کوردوستاندا پێچەوانەیە.

کورتەی مەبەست ئەوەیە: هەرچی نەهامەتەیەک بەسەر خەڵکی کوردوستاندا هاتووە هۆیەکەی حکومەت و دامو دەزگای حکومی و پەڕلەمان نییە. ئەوانە درووستکراو و دامەزراوی دەستی حیزب و سەرۆک حیزبن. بۆیە ئەوە حیزب و سەرۆکی حیزبە دەتوانن وا بکەن کە ئەم دام و دەزگا حکومیانە کاری جیددی خۆیان بکەن وە خزمەتی خەڵکی کوردوستان بکەن. کەواتە دەبێت فۆکەس بخرێتە سەر حیزب و دامو دەزگا حیزبییەکان.

کەواتە ئەگەر خۆپیشاندەران هێرشەکانیان بۆسەر دامو دەزگای حکومی بەردەوامی پێبدەن هیچ ناکەن بێجگە لە پێدانی پاساو بە دەسەڵات کە ناوزەدیان بکات بە شڕەخۆرو ئاژاوەگێڕو دژە دامو دەزگای حکومی.

بۆیە لە جیاتی ڕاوەستانیان لەبەردەرکی سەراو هاوارکردن لەوێ و تۆمەتبارکردنی دامودەزگا حکومیەکان، بە نەزەری من دەبێت ڕووبکەنە دامودەزگا حیزبیەکان و بە تایبەتیش مەکتەب سیاسی و بنکە گەورەکانی سەرانی حیزب کە بڕیاری کۆتایی لەلای ئەوانە. (بەڵام ئەمە دەبێت خۆی بۆ ڕێک بخرێت نەک هەر بە ڕاکردن و هات و هاوار. دڵنیابن ئەوانە دەکوژن وە خەمی هاووڵاتیانیان نیە). ئەم بۆچوونەی من لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە مێژوو دەری خستووەو بەڵگەکانیش دەریان خستووەو خۆشیان و خەڵکیش دەزانێت کە لە کوردوستاندا حکومەت نییە، بەڵک و حیزب هەیەو لەسەرووی حیزبیشەوە مەکتەب سیاسی و سەرۆک هەیە. کەواتە با خۆپیشاندەران فشارەکانیان ئاراستەی مەکتەب سیاسی و سەرۆکی حیزبەکان بکەن. بەرپرسی هەموو نەهامەتیەکان ئەوانن خۆشیان ئەمەیان ڕاگەیاندووە. پارە لای ئەوانەو بڕیار لای ئەوانە نەک لای پارێزگار، وەزیر، مودیر ناحیەو قائیمقام..

**خوێنەرانی ئازیزی بۆپێشەوە... بەهۆی خۆپیشاندانەکانی کوردستانەوە، ئەم ژمارە تایبەتییەمان پێشخست، ژمارەی داهاتووی بۆپێشەوە ١٥/١ دەردەچیت و دوا کات بۆ ناردنی بابەتەکان، ١٣/١/٢٠١٨ یە**

# دوا ستوون

## گۆڕان و کۆمەڵ بۆ لە حکومەت کشانەوە!!

**نووسینی: عەبدوڵا مەحمود**

لەناوجەرگەی تورەیی و نەفرەتی جەماوەری و خۆپیشاندانەکاندا بە دژی دەسەڵاتی مافیایی و تاڵانچی بزوتنەوەی کوردایەتیدا، حزبی گۆران و کۆمەڵی ئیسلامی پشت بەستو بە سەوابیتی ئیسلامی و بەراستی لێکهاتوو گونجاو لەگەڵ یەکتری، کشانەوەی خۆیان لە حکومەت راگەیاند.

ئەم دوو حزبە کە کاراکتەرە سەرەکیەکانیان، بەشێکن لە مێژووی رەشی دەسەڵاتی خوێن مژ و خوێن رێژ و تاڵانچی و میلیشیایی بزوتنەوەی کوردایەتی، ئێستا دەیانەوێت دوای ئەوەی خەڵکی کوردستان گەیشتونەتە ئەو بڕوایەی کە دەبێت ئەو دەسەڵات و ئەو ئەزموون و ئەم مافیایانە بڕۆن و دەسەڵات جێ بهێڵن... ئەوان بریاری کشانەوە لە حکومەت دەدەن. لە حکومەتێک کە لە بنەرەتدا هیچ کات و بۆ یەک سەعاتیش بوونی نەبووە دەزگای قورمیشکراوی حزبۆکراتی میلیشیا بووە.

ئەو دوو هێزە کۆنەپەرستە، کە بەشێکن لە خانەوادەی بۆرژوازی کورد، دەیانەوێت بەو هەنگاوەیان، و بە کشانەوەیان لەحکومەت، شانی خۆیان لە کارنامەی چارەکە سەدەی رابردوویان خاڵی بکەنەوەو خۆیان لە تورەیی و نەفرەتی جەماوەری وەدەنگ هاتوو، بپارێزن.

ئەو دوو رەوتە قەومی و ئیسلامییە بێ ئاسۆ و کۆنەپەرستە، دەیانەوێت بە کشانەوەیان لە حکومەت ریگای خۆ خزاندنە ناو خۆپیشاندان و نارەزایەتییە جەماوەرییەکانەوە، بۆخۆیان بکەنەوەو سواری شەپۆلی نارەزایەتی جەماوەری ببن بۆ ئامانج و بەرژەوەندیەکانی خۆیان و بیکەنە کەرەستەی" هەڵوەشاندنەوەی حکومەت و دروستکردنی حکومەتی ئینقازی نیشتیمان"یان. ئەو حکومەتەی کە دەیانەوێت دای مەزرێنن دەکەنە چەکێک بۆ خاڵیکردنەوەی شەقام لە تورەیی و ناردنەوەی خۆپێشاندەران بۆ ماڵەوەو رزگارکردنی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، لەدەست راپەرین و شۆرشی داهاتووی بێبەشان.

دیارە بانگەشەی دروستکردنی حکومەتی ئینقازی نیشتیمانیان، لە کاتێکدا چەند مانگێکی کەم ماوە بۆ هەڵبژاردنی تر، باش دەزانن ئەگەر ئیستاش بریاری دروستکردنی حکومەتی ئینقازی نیشتیمانی بدرێت، بەو چەند مانگەو لە کەشی دابڕ دابڕ بوون و لێک دورکەوتنەوەی حزبەکان لە یەکتریدا تا هەڵبژاردنی داهاتوو ناتوانن هیچ حکومەتێک دروست بکەن. هەروەها بانگەشەی ئەوەی کە پارتی و یەکێتی لە حکومەتدا جێ پێلێژ بکەن، لە وەهمیش وەهمترە... هیچ حزبێک ناتوانێت لەزۆنی سەوزدا دەسەڵات لە یەکیتی نیشتیمانی و لە زۆنی زەردیشدا لە پارتی لەرێگای حکومەتی دیکەو تەنانەت لە رێگای هەڵبژاردنەکانیشەوە، لە پارتی و یەکێتی بسەنێت. خۆ ئەگەر یەکیتی و پارتی لە هەڵبژاردنەکانیشدا نەتوانن هیچ کورسیەک بەدەست بهێنن، دیسان هیچ هێزێک کە زوربەی کورسیەکانی بەدەست هێناوە، توانای دەرهینانی دەسەڵاتی لەو رێگایەوە لە پارتی و یەکێتی نابێت. بە لۆجیکی کورسی و زۆرینەو کەمینەی دەنگی دەنگدەران دەسەڵات لە پارتی و یەکێتی وەرناگیرێت، ئەوە بۆچوون و حەماقەتی سیاسی هیزی وەکو گۆران و کۆمەڵ و هاوشێوەکانیانە.

بۆیە ئەو بانگەشەیەی کە گوایە کشانەوەیان بۆ دامەزراندنی حکومەتی ئینقازی نیشتیمانییە، درۆیەکەو لە راستیدا بانگەشەیەکی بەر لە هەڵبژاردنەکانە...

ئەوەی زۆرتر ئەو درۆو دوو روویەی ئەم دوو هێزە کۆنەپەرست و هەلپەرستە، دەخاتە روو ئەوەیە... لە کاتێکدا دوو ساڵە بێدەنگن لە بێ موچەیی و ئەو بێ دادیەی بەخەڵکی کوردستان دەکرا، وە لە حکومەتی نەبوودا، پاشەکشەیان کردووە، بەڵام لەو شوێنانەی دەسەڵاتیان بەدەستە لە ئاستی...

بۆ لاپەرە ٩